دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢٣، هەینی ٣١ خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەهواز ٢

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی خەڵکی کوردستان ٢

پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان پەیوەست بە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات بوون ٣



بۆچی خەڵکی ئێران نارازین؟ ٤



تارمایی لە چاویلکەی فاشیزمەوە ٥





پەیامەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات ٦



وتووێژی کوردستان لەگەڵ د. سەربەست نەبی ١٠

# ڕاسانی هێمنانەی شار



لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەوە، بازاڕیانی شارە سنوورییەکانی کوردستان، بانە و جوانڕۆ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر داخستنی بازاڕچە سنوورییەکان و زیادکردنی نرخی گومرۆکەکان کە وەک چالاکانی سیاسی دەڵێن بریتییە لە سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات دەستیان دایە مانگرتن و لەماوەی چەند ڕۆژدا ئەم مانگرتنانە فراوانتر بوونەوە و ٧ شاری کوردستانی گرتەوە.

لە زۆربەی ئەم مانگرتنانەدا بەشێوەی سەمبۆلیک و بە نیشانەی ئێعتراز بە سیاسەتی قڕکردنی خەڵکی هەژار لە کوردستان، مانگرتووان سفرەی خاڵییان ڕاخستووە و ڕایانگەیاندووە: "سفرەی بەتاڵی ئێمە نانی دەوێ".

تا کاتی داڕشتنی ئەم هەواڵە مانگرتنی جەماوەر و کاسبکارانی حەوت شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان "جوانڕۆ، بانە، مەریوان، سەقز، سەردەشت، پیرانشار و مەهاباد" لە ناڕەزایەتی بە داخرانی سنوورەکان بەردەوامە و زۆرینەی دووکان و بازاڕەکانی ئەو شارانە داخراوە و خەڵکی ناڕازی لەنێو شەقام و کۆڵان و بەردەم فەرمانداریی شارەکان سفرەی بەتاڵیان ڕاخستووە.

ماوەی چەند مانگێکە بە بڕیارێکی ڕێژیم، سنوورە کۆڵبەرییەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەرچاوەی بژیوی سەدان هەزار کاسبکار و دووکاندار و کۆڵبەری شارە سنوورییەکانە، داخراوە و ئەمەش بووەتە هۆی بێکاری زیاتری خەڵک.

بەپێی دوایین زانیارییەکان هێزە چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم گوشاریان بۆ کاسبکار و دووکانداران هێناوە و دەیانهەوێ بە زۆرەملی و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە کۆتایی بە مانگرتنەکان بهێنن و بازار و دووکانەکان بە خەڵک بکەنەوە، بەڵام مانگرتنی جەماوەری بەبێ گوێدان بەم هەڕەشانە بەردەوامە کە خەڵک بە راسانی هێمنانەی شار ناوزەدیان کردووە.

ڕێژیم لە ترسی خۆپیشاندان و بەرینتربوونەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە، هێزێکی زۆری چەکدار و ئیتلاعاتییان لەنێو خەڵک و کووچە و کۆڵانەکان بڵاوە پێکردووە و ڕێوشوێنێکی توندی ئەمنی و سەربازییان گرتۆتە بەر.

بەپێی هەندێک لە زانیارییەکان هەتا ئێستا زیاتر لە دە کەس لە جەماوەری ناڕازی و کاسبکاران دەسبەسەر کراون؛ ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەناو نوێنەری سەردەشت و پیرانشار لە مەجلیسی ڕێژیم بە هەواڵدەرییە ناوچەییەکانی وتووە: هەندێک لە بەرپرسانی حکوومەتی باوەڕ ناکەن کە بە داخستنی سنوورەکان زیاتر لە ٧٥ هەزار کۆڵبەر بێکار بوون و گاڵتەمان پێدەکەن!

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٩ی خاکەلیوە، سەعید جەلیلی، نوێنەری ڕێژیم لە شۆرای باڵای ئەمنییەت بۆ کۆتاییهێنان بە مانگرتنی دووکانداران و بازاڕیان سەردانی شارە مانگرتووەکانی کرد و لە کاتی لێدوانیدا لە شاری بانە بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی مانگرتووان قسەکانی تەواو نەکرد.

نوێنەری ڕێبەری ڕێژیم، داوای لە بازاڕیان کردووە، کە کۆتایی بە مانگرتنی خۆیان بهێنن، بەڵام خەڵک ناڕەزایەتییان لە هەمبەر قسەکانی سەعید جەلیلی دەربڕیبوو و شوێنی کۆبوونەوەکەشیان بەجێ هێشتبوو؛ دواتر لە بەردەم مزگەوتی جامێعی ئەم شارە دەستیان کرد بو درووشمدان.

هەر لە پەیوەندییەدا، فەرمانداری شاری بانە، بەڵێنی جێبەجێ کردنی کێشەی بازاڕیانی دابوو، بەڵام خەڵک باوەڕیان بە بەڵێنەکانی ناوبراو نەکردووە.

سەبارەت بەم ڕووداوانە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی خەڵکی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا وێڕای پشتیوانی لە ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان هاتووە: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ هاتنی کەلوپەلی قاچاخدا، ساڵ بە ساڵ توندوتیژی و تاوان و سەختگیریی دژی کۆڵبەران زیاتر کردووە. سەرەڕای کوشتن و بریندارکردنی سەدان کۆڵبەر و دەستبەسەرداگرتنی بارەکانیان و لەنێوبردنی وڵاغی بارییان، بەردەوام هەوڵی پەکخستن و نەهێشتنی ئەم تەنیا سەرچاوەی ژیان و داهاتی دەیان هەزار بنەماڵەی هەژار و دەسکورتی ئەو ناوچانەی داوە. بە تازەییش وێڕای داخستنەوەی سەر لە نوێی سنوورە کۆڵبەرییەکان، یاسا گومرۆکییەکانی لە زیانی هاوردەکاران و فرۆشەران گۆڕیوە و بەم جۆرە جارێکی دیکە ژیان و بەڕێوەچوونی ئەو خەڵکەی خستووەتەوە مەترسی.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: ئێمە لە کاتێکدا سڵاو بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی کۆڵنەدەرانەی مانگرتووان دەنێرین، داوا لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی مانگرتووانی شارەکانی جوانڕۆ، بانە، سەقز، مەریوان، سەردەشت و پیرانشار بکەن. پاشەکشەی کاربەدەستان و ملدانیان بۆ داخوازە ڕەواکانی مانگرتووان و ناڕازییان، لە گرەوی درێژەی ئەو حەرەکەتە و پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکە لە مانگرتنی شارە سنوورییەکاندایە.

هەر لەم ڕاستایەدا خوێندکارانی زانکۆی پەیام نووری مەریوان بە ڕاگەیەندراوێک پشتگیری خۆیان لە مانگرتووانی کوردستان دەربڕیوە و ڕایانگەیاندووە: ئێمەش وەکوو چینی خوێندکاری شاری مەریوان، پشتگیریی خۆمان لەم مانگرتنە ڕادەگەیەنین و لە خەڵکی هەموو کوردستان داواکارین کە:

- بە داخستنی بازاڕەکان لە هەموو شارە کوردنشینەکان، پشتیوانیی لە مانگرتنی بازاڕییان مەریوان و بانە و جوانڕۆ بکەن.
- چینە جیاوازەکانی دیکەی کۆمەڵگا (فەرمانبەران و خوێندکاران و...)، بۆ پشتیوانی لەم مانگرتنە، هەڵوێستی خۆیان پیشان بدەن.
- مانگرتووان تا بەدیهاتنی خواستەکەیان، لەسەر مانگرتن و ناڕەزایەتی سوور بن.

## پەیڤ

### نان، ئازادی، کەرامەتی ئینسانی

**کەریم پەرویزی**

مرۆڤێک کە لە هەژاریدا ڕاگیراوە، مرۆڤێك کە نکۆڵی لە ناسنامە ئێتنیکی، ئایینی یان نەتەوەییەکەی دەکرێ یان دەکەوێتە بەر تەوژمی سیاسەتی تواندنەوە و سووکایەتی پێکردن یان لەژێر ستەمی جنسیدا دەژی، مرۆڤێکە کە کەرامەتی لێ زەوت کراوە.

ئەمە ڕستەیەکی نێو بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە بەشی بنەما فیکری و سیاسییەکانی حیزبدا هاتووە و لەم ڕۆژانەدا بە ڕوونی ڕەنگدانەوەی وەها کردەوەیەکی دژەمرۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا دەبینین.

ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، لە سەر ئەساسی سووکایەتی بە مرۆڤ دامەزراوە و لەو چوارچێوە ئیدئۆلۆژیکە پاوانخوازنەیەدا سیاسەت و کرداری لە خۆی نواندووە کە مرۆڤی پێ بوونەوەرێکی بێهێز و بێئاوەز و بێئیرادەیە کە پێویستە وەکوو ئاژەڵ تا دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێ و هەر وەکوو ئاژەڵ هەرکات لاساری کرد وەبەر قامچیی بدات.

لەم ڕوانگە دژە مرۆییەی کۆماری ئیسلامیدا، هەرچی لە ناوەندی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتە تێکەڵ بە شۆڤێنیزمەکە دوورتر دەکەوێتەوە، ئاژەڵتر دێتە بەرچاو. تاکە مرۆڤ لەو ڕوانگەیەدا وەلیی فەقیهە و ئەوانەی هەندێک لە وەلیی فەقیە نزیکن، لە مرۆڤ دەچن! غەیرە فارس، هەژار و کەمداهات، ژن، غەیرە شیعەی ویلایەتی فەقیهی، لە ڕوانگەی وەلیی فەقیهەوە زۆرتر وەکوو نامرۆڤ چاویان لێ دەکرێ.

چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لێوانلێو بووە لە سووکایەتی بە نەتەوە غەیرە فارسەکان؛ لێوانلێو بووە لە چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ؛ لێوانلێو بووە لە دزین و تاڵانکردنی سامانی وڵات و باجی تیرۆریزم و سەرەڕۆییەکانی لە سفرەی نانەوشکەی چینی کەمداهات و هەژار دراوە و سەرانی ڕێژیم لە کانادا و سوییس و بریتانیا و ئیسپانیا و ئاڵمان ویلا و سەهمی هۆتێلیان کڕیوە.

ستەم دژی ژن، دژی جودابیران، دژی نەتەوە غەیرە فارسەکان، دژی ئایینە غەیرە شیعەی ویلایەتی فەقیهی، و دژی هەموو مرۆڤێک کە خۆی پێ خاوەن ناسنامە و کەسایەتییەک بووبێ، لە ماوەی ئەم دەسەڵاتدارییە پڕ تاوانەدا بەڕێوە چووە.

ئاکامی ئەم دەسەڵاتە سووکایەتی بە کەرامەتی هەموو مرۆڤەکان لە پانتایی جوغرافیایی وڵاتێکی بەڵالێدراوی بەناو ئێراندا بووە و ئەم ڕێژیمە بە پارەی نەوت و ساتوسەودا لەگەڵ بازرگانانی خوێن لە ئەورووپا و کانادا و ئامریکا و ڕووسیە و چین و ... هەزینەی هێزی دڕندەی

درێژە لە لاپەڕەی ٣



# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەهواز

پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی پارێزگەی خوزستان دەکەین!

زیاتر لە حەوتوویەکە شارەکانی پارێزگای خوزستانی ئێران بوون بە مەیدانی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکی عەرەبی ئەو پارێزگایە. سەرەڕای هاتنە مەیدانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و بەربوونیان لە گیانی خەڵکی ناڕازی و وێڕای بەردەوامیی لەشکرکێشی و ڕەوانەکرانی هێز لە پارێزگاکانی دیکەوە بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران، دانیشتوانی سووکایەتی پێکراوی پارێزگەی خوزستان، لە سەر درێژەدان بە خۆپێشاندان بەردەوامن.

ئەگەرچی هەتا ئێستا دەوروبەری ١٦٠ کەس لە خۆپێشاندەران قۆڵبەست و ڕەوانەی گرتووخانەکان کراون و کەشوهەوای سەرکوتکەرانە لە ئەهواز و ئابادان و شارەکانی دیکەی ئەم پارێزگەیە ڕوو لە زیادبوونە، خەڵکەکە کۆڵیان نەداوە و لە سەر مەحکوومکردنی سووکایەتیی تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی بە شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بەربەرەکانیی هێزە سەرکوتکەرەکان بەردەوامن.

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی ئەمجارەی شارەکانی پارێزگەی خوزستان دوای ئەوە دەستی پێکرد کە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی ئێران لە بەرنامەیەکی نەورۆزیی خۆیدا، شوناسی نەتەوەیی خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە لە گەڵی عەرەب پێک هاتوە، پشتگوێ خست. ئەوە یەکەم جار نیە نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە شێوەی خۆپێشاندان و هاتنە سەرشەقام بەرامبەر سووکایەتیی ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکانی ئێران لەهەمبەر شوناسی نەتەوەیی خۆیان، دژکردەوە پێشان دەدەن. ئامادەیی نەتەوە بندەستەکانی ئیران بۆ دژکردەوە نیشاندان بە شێوەی خۆپێشاندان لە چەندین شار و مەحکوومکردنی سیاسەت و کردەوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان، هۆیەکی زۆر ڕوونی هەیە. ئەم تووڕەیی و بێزارییە، بەرهەمی دەیان ساڵ ئینکارکرانی شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و خۆبواردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داننان و بە ڕەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیانە. دامودەزگا دەوڵەتی و حکوومەتییەکان هەر بەوەندەشەوە نەوێستاون و لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانییشەوە هەوڵیان داوە شارو ناوچەکانی ئەو نەتەوە بندەستانە پشتگوێ بخەن و کەمترین ئاوڕیان لێ بدەنەوە. سەرەڕای ئەو دۆخەش، شانبەشانی گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردن و پشتگوێخستن، پەنایان بردووەتە بەر زاڵکردنی کەشوهەوای ئەمنییەتی و خزاندنی هێزی سەرکوتکەر لەو ناوچانە و هەر چەشنە ناڕەزایەتی دەربڕینێک بە سەرکوت و گرتن و ئێعدام وڵام دەدەنەوە. خەڵکی ئازادیخواز و خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی ٤٠ ساڵە بە هەموو وجوودیانەوە ئاکام و شوێنەوارەکانی سیاسەتی شۆڤێنیستی و سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بەرامبەر خۆیان دیتوە و چێشتوە، زۆر باش لە کێشە و گرفت و بێبەشیەکانی خوشک و برایانی خۆیان لە خوزستان تێ دەگەن. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی سووکایەتیی ڕاگەیەنە حکوومەتییەکان بە شوناسی نەتەوەیی پێکهاتەکانی ئێران، پشتیوانیی خۆی لە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی شارەکانی پارێزگای خوزستان و ویستە ڕەواکانی ئەوان ڕادەگەیەنێ.

ئێمە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران بۆ پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی خوزستان بانگەواز دەکەین، لە ناوەندەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان داوا دەکەین گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرکوتی ئەو ناڕەزایەتییانە و گرتن و بێسەروشوێن کردنی چالاکانی عەرەب لە لایەن دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە توندی مەحکووم بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی**
**٥ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی**



# بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نیسبەت بە حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی

ڕێگە مەدەن ڕێژیمی ئێران گیانی بەندییەکی سیاسیی دیکە بستێنێ!

حەوتووی ڕابردوو، "دیوانی بەرزی وڵات" حوکمی زاڵمانە و ناڕەوای ئێعدام لەبارەی بەندکراوێکی سیاسیی کورد، "ڕامین حوسێن پەناهی" پەسەند کردەوە.

حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی یەکەم جار ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٨ی زایینی، لە لایەن بە ناو "دادگای شۆڕش" لە شاری سنە، بە سەر ئەو بەندییە سیاسییە کوردەدا سەپێندرا. ئەو حوکمە لە کاتێکدا بە سەر ڕامیندا سەپێنرا کە ناوبراو تەواوی قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە و پێکهاتنی پەروەندەکەی بە برینداری و لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا تێپەڕ کردبوو. ئەو بەناو دادگایەش کە بۆ موحاکمەکردنی ئەو پێک هاتبوو، تەنیا یەک جار کۆ بوویەوە! هەر ئەو کات دەرکردنی حوکمی زاڵمانەی ئێعدام بۆ ڕامین حوسێن پەناهی بووە هۆی سەرسوڕمانی وەکیلەکەی، حوسێن ئەحمەدی نیاز و سەرجەم ناوەندەکان و چالاکانی بەرگری لە دادپەروەری و مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێراندا.

پەسندکرانەوەی حوکمی ئێعدامی ئەو بەندییە سیاسییە کوردە لە لایەن "دیوانی بەرزی وڵات" نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوای پەرەگرتنی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان لە ئێران و بە تایبەتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکان، بۆ چاوترساندنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، هەر وا کە لە کوشتنی خۆپیشاندەرەکان لەژێر ئەشکەنجەدا دەستی نەپاراستووە، دەیهەوێ لە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکانیش دەست نەپارێزێ.

ئێمە لە هەموو ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان داواکارین بە دەنگ، هاواری بنەماڵەی ڕامین حوسێن پەناهی و بانگەوازی چالاکانی مافی مرۆڤ و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێن. داوای بەپەلەیان لێدەکەین بە مەحکوومکردنی پەسندکردنەوەی حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی و گوشارهێنان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران لەو پێوەندییەدا، پێش بە مەترسیی ئێعدامی ئەو لاوە کوردە تێکۆشەرە بگرن.

هەر لەو کاتەدا داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە سەرنج و بایەخێکی تایبەتی بە چارەنووسی ئەو گیراوانە بدەن کە بە دوای خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی چەند مانگی ڕابردوو لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، خوزستان، تاران و شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران گیراون و لەگەڵ مەترسیی مردن لەژێر ئەشکەنجە و چارەنووسێکی نادیار بەرەوڕوون.

هەر لەم دەرفەتەش کەڵک وەردەگرین بۆ ڕاگەیاندنی سپاس و پێزانینی خۆمان لەهەمبەر هەموو ڕێکخراوە مەدەنییەکان، پارێزەرە بوێرەکان، چالاکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و میدیاکارانی ئازادیخواز لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کە لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی ڕامین حوسێن پەناهی و گیراوانی سیاسی و مەدەنیی دیکە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بێ ماندووبوون چالاکی دەکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٧**
**١٣ی ئاوریلی ٢٠١٨**



# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی خەڵکی کوردستان

پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی شارە سنوورییەکان دەکەین!

ماوەی چەند ڕۆژە مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکی شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی داخرانی سنوورەکان، درێژەی هەیە. ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینە مەدەنییە لە شێوەی کۆبوونەوە لە بەر دەرکی فەرمانداریی شارەکانی جوانڕۆ و بانە و مەریوان و سەقز، هەروەها لە شێوەی ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ و کۆبوونەوە لە دەوری ئەو سفرەیە خۆی نواندووە. ئەم حەرەکەتە مەدەنییانە شارەکانی سەردەشت و پیرانشاریشی گرتووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێ بۆ شارەکانی دیکەش پەل بهاوێ و هەروا درێژەی هەبێ.

ئاشکرایە کە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی زەحمەتکێشی شار و ناوچە سنوورییەکان لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە دابین دەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ هاتنی کەلوپەلی قاچاخدا، ساڵ بە ساڵ توندوتیژی و تاوان و سەختگیریی دژی کۆڵبەران زیاتر کردووە. سەرەڕای کوشتن و بریندارکردنی سەدان کۆڵبەر و دەستبەسەرداگرتنی بارەکانیان و لەنێوبردنی وڵاغی بارییان، بەردەوام هەوڵی پەکخستن و نەهێشتنی ئەم تەنیا سەرچاوەی ژیان و داهاتی دەیان هەزار بنەماڵەی هەژار و دەسکورتی ئەو ناوچانەی داوە. بە تازەییش وێڕای داخستنەوەی سەر لە نوێی سنوورە کۆڵبەرییەکان، یاسا گومرۆکییەکانی لە زیانی هاوردەکاران و فرۆشەران گۆڕیوە و بەم جۆرە جارێکی دیکە ژیان و بەڕێوەچوونی ئەو خەڵکەی خستووەتەوە مەترسی. ڕاستییەک کە ئەوەندەی دیکە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی ئەو ناوچانەی لێ کەوتووەتەوە ئەوەیە کە کاربەدەستان، هیچ پڕۆژە و بەرنامەیەکی ئابوورییان بۆ ژیان و بەڕێچوونی ئەو خەڵکە نییە کە کۆڵبەری و هێنان و فرۆشتنی کەلوپەل لە سنوورەکانیان لێ قەدەغە کردوون.

ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکی شارە سنوورییەکان، بە حەرەکەتێکی مەدەنیی هەڵگری داوا و داخوازی ڕەوا و ئینسانی دەزانێ و بە تەواوی پشتیوانیی لێ دەکا. نیشاندانی سفرەی بەتاڵ و دەنگهەڵبڕین دژی ئەو هەمووە تاوان و قەدەغە و قۆرغە کە ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران بۆ پەکخستنی سەرچاوەی ژیانی زەحمەتکێشترین بەشەکانی خەڵک بەڕێوەیان دەبا، سەرەتاییترین مافی ئەو خەڵکەیە.

ئێمە لە کاتێکدا سڵاو بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی کۆڵنەدەرانەی مانگرتووان دەنێرین، داوا لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی مانگرتووانی شارەکانی جوانڕۆ، بانە، سەقز، مەریوان، سەردەشت و پیرانشار بکەن. پاشەکشەی کاربەدەستان و ملدانیان بۆ داخوازە ڕەواکانی مانگرتووان و ناڕازییان، لە گرەوی درێژەی ئەو حەرەکەتە و پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکە لە مانگرتنی شارە سنوورییەکاندایە.

**ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٠١٨/٤/١٨**
**١٣٩٧/١/٢٩**

# پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە پشتیوانیی خۆی لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵات دەربڕی



پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە (PDKT) لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبووە و پشتیوانی و هاوسۆزیی خۆیان بۆ خەباتی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕی.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە، بە سەرپەرەستیی "محەممەد ئەمین کارداش"، سەرۆکی ئەو پارتە، وێڕای سکرتێر و ئەندامانی ڕێبەریی ئەو پارتە، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن "حەسەن شەرەفی" جێگری لێپرسراوی گشتی و هەیئەتی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

شاندی پارتی دێموکراتی کوردستانی تورکیە، وێڕای پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی شازدهەم و هەروەها هاوخەمی سەبارەت بە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران دژبە تێکۆشەرانی دێموکرات، پشتیوانی و هاوسۆزیی خۆیان بۆ خەباتی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕی.

هەروەها دوو لایەن وێڕای ئاڵوگۆڕی زانیاریی پێوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، پێداگریان لە پێوەندیی دوو قۆڵی و هاوکاریی نێوانیان بۆ خزمەتی دۆزی نەتەوەیی کوردستان کردەوە.

# شاندێکی پارتی سووسیالیستی کوردستانی باکوور سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



لە دیداری پارتی سووسیالیستی کوردستانی باکوور و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەر دۆخی کورد و خەباتی نەتەوەی کورد باس و وتووێژ کرا.

ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی پارتی سووسیالیستی کوردستانی باکوور بە سەرپەرەستیی "مەسعوود تەک" سەرۆکی گشتیی ئەو پارتە، سەردانی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن شاندێکی ڕێبەری حیزبەوە بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا، مەسعوود تەک، پیرۆزبایی لە لێپرسراوی گشتی و حیزب بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٦ کرد، پاشان مستەفا هیجری باسێکی لەسەر ڕەوتی کاری کۆنگرە و گۆڕانکارییەکان لە پێکهاتە و سیستمی حیزب پێشکەش بە هاوڕێیانی پارتی سووسیالیست کرد.

لە درێژەی ئەو باسانەدا مەسعوود تەک، لەسەر ڕەوشی باکووری کوردستان، سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە و ڕوانینی بە نیسبەت پرسی کورد لە باکوور، شەڕی عەفرین و شوێندانەریی خراپی ئەو هێرشە لە بزووتنەوەی مافخوازی کورد لە ڕۆژئاوادا، باسێکی پێشکەش کرد.

مەسعوود تەک، هەروەها لە سەر ململانێی هێز و لایەنە سیاسییەکانی تورکیە و گوشارەکانیان لەسەر سیاسەتەکانی ئەردۆغان، زانیاری زیاتری خستە بەر دیدی بەشدارانی کۆبوونەوەکە.

لە کۆتایی ئەو باسە سیاسییەدا هەر دوو حیزب، هاوکاری و لێکتێگەیشتنی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان بە فاکتەری بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسیی کورد زانی و بەتایبەت لەسەر ڕێزگرتن لە خەباتی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان و بەرزنرخاندنی ئیرادەی گەلی کورد لەو بەشانەی لە کوردستان وەک سیاسەتێکی واقعبینانە دەتوانێ خەباتی کورد بە ئاستێکی بەرز بگەیەنێت و پشتیوانی ڕای گشتی بۆ لای خەباتی کورد ڕابکێشێت، قسەیان کرد.

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا دوو لایەن لەسەر درێژەدان بە پێوەندی و هاوکارییەکانیان جەختیان کردەوە.

# شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەرپەرەستیی ڕەزا کەعبی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوە، شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەرپەرەستیی "ڕەزا کەعبی" جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

سەرەتا ڕەزا کەعبی ، پیرۆزبایی تەواو بوونی کۆنگرەی١٦هەمی حیزبی دێموکرات "کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات" و هەڵبژادنی لێپرسراوی گشتیی حیزبی کرد و پێویستی هەرچی زیاتر لێک نزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی بە گرینگ زانی.

پاشان مستەفا هیجری، وێڕای سپاس بۆ پیرۆزبایی بەڕێزیان سەبارەت بە بەهێزتر کردنی ناوەندی هاوکاریی و کۆدەنگی و یەکدەنگی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و دۆخی خراپی ڕێژیم و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هێنایە بەرباس.

هەر لەو دانیشتنەدا لەسەر ڕەوشی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان و ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم دۆزی کورد، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و پێویستیی ئەو کۆبوونەوە و دیدارانە بە گرینگ زانرا.

# شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرپەرەستیی مستەفا ئۆزچەلیک، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی خاکەلێوە، شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان، بە سەرپەرەستیی "مستەفا ئۆزچەلیک" سەرۆکی گشتیی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری بە گەرمی پێشوازیان لێ کرا.

سەرەتا ئۆزچەلیک ، پیرۆزبایی تەواوبوونی کۆنگرەی ١٦هەمی حیزبی دێموکرات و هەڵبژاردنی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی کرد و وەک هەمیشە لەسەر پتەوکردنی پێوەندیی مێژوویی و دۆستانەیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێی داگرتەوە و دەور و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز نرخاند.

پاشان مستەفا هیجری، وێڕای سپاس بۆ پیرۆزبایی بەڕێزیان، سەبارەت بە دۆخی خراپی ڕێژیم لە بارەی گرانی، بێکاری، هاتنە خوارەوەی بەهای تمەن، ناڕەزایەتیی خەڵک، کەمتەرخەمیی ڕێژیم، سیاسەتی دەستێوەردانی لە ناوچە و دەوری ئاژاوەگێرانەی ئەو ڕێژیمە و ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هێنایە بەرباس.

هەر لەو دانیشتنەدا لەسەر ڕەوشی کورد لە باکووری کوردستان، پارچەکانیتری کوردستان و ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم دۆزی کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

# یازدە گوڵ بۆ یاد و ناوی یازدە شەهیدی سوورخەڵات



تێکۆشەرانی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ناوی ١١ شەهیدی دێموکرات چالاکییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری مەریوان لە گوندی "ئەوێهەنگ" بۆ ڕێزگرتن لە یازدە شەهیدی سوورخەڵاتی گەل، شەهیدان "کاوە جەوانمەرد، سەرکەوت سەمەدی، مێهدی شێخی، ئەکبەر مینبەری، شاخەوان مینبەری، شۆڕش مینبەری، ئەفشار سوورەبوومە، ساحێب حوسەینی، هیوا قوربانی، ڕووحوڵا حەیدەری و بەرزان حوسەینی" ١١ گوڵە شلێرەیان بە ڕەمزی وەفاداری و بەڵێن دان بە ڕێبازیان لە سەر جامانە دانابوو.

هەروەها ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕۆڵەکانی دێموکرات بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە . ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە شوێنی حەماسەی کۆسالان چالاکییەکی تایبەتیان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکییەدا، شوێنی شەهیدانی کۆسالانیان بە گوڵ و نووسراوەی ڕاسان نەخشاند و پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە دوای ڕاگەیاندنی خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات، پۆلێک لە قارەمانانی دێموکرات کە بۆ ئەرکی حیزبی گەڕابوونەوە ناوخۆی وڵات، لە شاخەکانی کۆسالان کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و دوای چەند ڕۆژ شەڕی قارەمانانە و خوڵقاندنی حەماسەیەکی بێ وێنە، ١١ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون.

# ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد




تێکۆشەرانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و راسانی ڕۆژهەڵات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی پشتیوانی و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و خەباتی ڕەوای گەلەکەمان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە سەیرانگای خەرپاپی پیرانشار، ئالایەکی گەورەی کوردستانیان لە سەر تاشەبەردێکی گەورە لە نیزیک تاڤگەی خەرپاپ نەخشاندبوو کە سەرنجی ئەو کەسانەی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو کە بۆ پشوودان و سەیران ڕوویان لەو شوێنە کردبوو.

هەروەها لە شاری کرماشانیش ڕۆڵەکانی دێموکرات بە نووسینی دروشمی تایبەت لە سەر دیوارەکانی ئەم شارە پشتیوانی دووبارەی خۆیان لە خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات دەربڕی.

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان پەیوەست بە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات بوون




پۆلێکی دیکە لە کیژان و کوڕانی شۆڕشگێڕ، دوای تێپەڕکردنی دەورەی سەرتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان پۆشی.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی، دەورەی ٢٢٩ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا پۆلێک لە لاوانی شۆڕشگێڕ و دەروەستی کوردستان پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە بوون و چەکی بەرگری لە خاک و شەرەفیان لە شان کرد.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر "سەید عەزیز نیکجوویان" یەکێک لە فەرماندە نیزامییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی دەورەی ٢٢٩ی سەرەتایی پێشمەرگە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

نیکجوویان لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: "لە مەیدانی تێکۆشان و خەباتدا، پێویستە گشت هاوبیران و هاوسەنگەران، دڵسۆزانە پاڵپشتی یەکتر بن بۆ پێگەیاندن و ئاگاکردنی یەکتر؛ تێبکۆشین و ڕۆژ بە ڕۆژ ئیمانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی بۆ درێژەدانی خەبات پتەوتر و قایمتر بکەین".

دواتر سروودێکی شۆڕشگێڕانە لەژێر ناوی "هەموومان ڕاپەڕیوین"، لە لایەن بەشدارانی دەورەی ٢٢٩ی سەرەتایی پێشمەرگەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، شێعرێک لەژێر ناوی "شەنگەسوار" لە لایەن مامۆستا "شەریف فەلاح"ەوە پێشکەش کرا.

دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورە لە لایەن "هیوا میرزایی" یەکێک لە مامۆستاکانی فێرگە خوێندرایەوە و کار و چالاکییەکانی ئامووزشیی دەورە بۆ بەشداران خوێندرایەوە.

لە نێوئاخنی بەرنامەکەدا سروودێک لەژێر ناوی "گەل، خەبات دەکەین" لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، پەیامی دەورەی ٢٢٩ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن بەشداربووی دەورە "کوردیار کەریمی" خوێندرایەوە.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا شێعرێک لە هۆنینەوەی دوکتور "ئاوات سارۆج"، لە لایەن "فەرشید ئیسلامی"یەوە پێشکەش کرا.

دوای پێشکەشکردنی ئەو شێعرە گۆرانییەکی شۆڕشگێڕی لەژێر ناوی "سڵاو بۆ پێشمەرگە" لە لایەن بەشداربووی دەورە "سەعید کاکایی" پێشکەش کرا.

پاشان گۆرانییەکی شۆڕشگێڕی لەژێر ناوی "سڵاو پێشمەرگەی قارەمان" لە لایەن بەشداربووانی دەورە "کارۆ کەریمی و سەعید کاکایی" پێشکەش کرا.

ئەو ڕێوڕەسمە بە نمایشی تایبەتی نیزامیی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

## درێژەی پەیڤ

سوپای پاسداران دابین دەکا و خەڵکیان پێ سەرکوت دەکات.

لە وەها سیستمێکدایە کە خەڵک لە قوم و ئیسفەهان دەڕژێنە سەر شەقام و وێنەی خامنەیی دەسووتێنن! لە تاراندا دەروێشەکان لەگەڵ دەسەڵاتی خامنەیی بەرەوڕوو دەبنەوە و ژنانی ماندوو لە هەموو ستەمێک لەچکی ستەمکاری لەسەر فڕێ دەدەن و عەرشی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیی پێ دەلەرزێنن.

هەر لە ئاکامی وەها سیستمێکدایە کە شارەکانی وەکوو بانە و جوانڕۆ و سەردەشت و پیرانشار کە تا دوێنی بە قوتبی بازرگانی ناویان دەبرا، ئێستا بە سەدان کەس دێنە سەر شەقام و سفرەی بەتاڵی ماڵیان نمایش دەکەن.

ڕێژیمێک و سیستمێک کە سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکان دەکا، جا چ بە هەژاری ڕاگرتن، یان نکۆڵی لە ناسنامەی نەتەوەییان یان ستەم لە جینسییەتیان و ئایینیان، سیستمێک نییە کە بتوانێ خۆشی و ژیانی ئاسوودە بۆ خەڵک بەدی بێنێ و هەموو ئەوانەی کەرامەتیان سووکایەتیی پێ کراوە، لێی ڕادەپەڕن و کۆشکی پووشاڵیی دەسەڵاتی وەهمیی لێ گڕ تێبەردەدەن.

# بۆچی خەڵکی ئێران ناڕازین؟



مستەفا هیجری

ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران لەهەمبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا، لە فورمێکی گشتیدا نزیک سەد شاری ئێرانی گرتەوە. لانیکەمی تێچووی ئەو هەستانەوە گشتییە بۆ خەڵکی ئێران، دەسبەسەرکرانی هەزاران کەس، کوژرانی ٢٥ کەس (بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیم) بە هۆی سەرکوتی بێبەزەیانەی خەڵکی ڕاپەڕیو لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و کوژرانی ٥ کەس لە دەسبەسەرکراون لە ژێر ئەشکەنجەدا لە زیندانەکان بووە.

بەڵام تێچووی ئەو ناڕەزایەتییانەی خەڵک بۆ ڕێژیمی ئێران لە بواری سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆ و دەرەوە قورستر لەوە بووە، کە قەرەبوو بکرێتەوە. ئامانج لەو نووسینە باسکردن لە چۆنیەتی و هەڵسەنگاندنی ئەو تێچووانە نییە، چونکە ئەو باسە خۆی "هەویرێکە ئاوی زۆری دەوێت" (سر دراز دارد) و لە وتار و نامیلکەی جیاوازدا دەبێ باسی لێ بکرێت، بەڵکوو مەبەستی نووسەر لەو بابەتە باسکردن و وڵامدانەوە بەو پرسیارەیە کە "بۆچی خەڵکی ئێران ناڕازین؟".

وڵامی ڕاست بەو پرسیارە لەو بارەیەوە گرینگە کە کاربەدەستانی ڕێژیم و مۆرە ڕنگاوڕەنگەکانی ئەو ڕێژیمە ئاگاهانە و بە مەبەستی کەم بایەخ پیشاندانی ئەو هەستانەوەیە هەر وەک ڕابردوو هەوڵیان دا بیروڕای گشتی بەلاڕێدا ببەن و گرووپێکی دیکەش نائاگاهانە و لەژێر کاریگەریی شەپۆلی بەرینی پرۆپاگەندەی ڕێژیم لە ڕێگای هەزاران تریبۆنی مزگەوتەکان، کاناڵە تەلفزیۆنییەکان، ڕادیو، ڕۆژنامە و ناوەندە فکری و پرۆپاگەندەییەکان، کە بۆمبارانی فکری خەڵک دەکەن، بە شێوەیەکی دیکە لە ئاقاری ئامانجەکانی ڕێژیمدا هەنگاو هەڵدێننەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هیچ میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆ لەو وڵاتەدا بوونی نییە، کە لە بەرانبەر ئەو شەپۆلە بەهێزەدا، خەڵک لەگەڵ وڵامی ڕاستی ئەو پرسیارە ئاشنا بکات.

ڕێژیم هەموو توانای ماشینی تەبلیغاتیی خۆی بەکار هێناوە، هەتاکوو بتوانێت هۆکاری هەستانەوەی گشتیی خەڵکی ناڕازی لە مانگی بەفرانباردا کە تا ئێستادا لە شکڵە جۆراجۆرەکاندا (مانگرتن و نەچوونە سەرکاری کرێکاران، کارمەندان و بەتایبەت ڕێپێوانی خەڵکی عەرەبی ئەهواز) درێژەی هەبووە؛ تەنیا لە ڕەهەندی ئابووریدا بشارێتەوە و بەو شێوەیە باقی ڕەهەندەکانی دیکەی هۆکاری ئەو ناڕەزایەتییانە کە بەربڵاوتر لە ویستە ئابوورییەکانی خەڵکن سەرپۆشی لە سەر دابنێت.

ئەو ڕێژیمە هەر لە هەمان ڕۆژانی هاتنە سەرکارییەوە بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە، هەتا لە ئێران دۆزەخێک بۆ خەڵکەکە دروست بکات کە وێنانەکراو بێت و ئەلحەق تێکۆشان و بەرنامەکانیشی لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە پێناو کردنی ئێران بە جەهەندەمێک بە تەواوەتی سەرکەوتوو بووە. یەکێک لەو بەرنامانە وێرانی و لەنێوبردنی ئابووریی ئێران بوو.

ڕێکخستنی دەقیقی سیاسەتە نێوخۆییەکان و هاوئاهەنگردنی سیاسەتەکانی دەرەوە بە مەبەستی دوژمنتراشی و خەرجکردنی داهاتی زۆری وڵات لە پێناو وەدیهێنانی ئیدئۆلۆژی بەرزەفڕانە زێدەخوازییەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێبەریی جیهانی ئیسلام "بە لەبەرچاونەگرتنی گەندەڵی هەوساربڕاوی حکوومەتی" توانی خەڵک لە نانی سفرەش بێبەش بکات.

ڕێژیم بە پێشگرتنی ئەو سیاسەتە ئابوورییەدا بە دوای ئەو ئامانجە بووە، کە نانی خەڵکیشی لە دەستی خۆی بێت هەتا بەو شێوەیە بتوانێت هەمووی ئەوانەی کە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمدا کێشەیان هەیە، هەڕەشەی نانبڕینان لێ بکات و لەو ڕێگایەوە هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆی لە نێوخۆ و هێزە داگیرکەرە و بەکرێگیراوەکانی لە دەرەوە لەژێر ناوی سپای پاسداران، بەسیج و ... ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر بکات؛ چونکە لە "ام القری" ئیسلامیی ئیراندا ئەو توێژانە نە تەنیا دەستیان بە زاری خۆیان دەگات، بەڵکوو لە دزی و ڕاوڕووتی سامانی گشتی، گەندەڵی و ڕانتخۆریدا ئازادن.

ئەو ئابوورییە وێرانە، کە ڕێژیم ئەو بە ئابووریی ئیسلامی دەزانێت، تەنیا بەشێک لە کێشەی خەڵکی ئێرانە کە ڕۆژانە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن و هەر ڕۆژێکیش خراپتر دەبێت.

جیا لە کێشەی ئابووری، ئەو ڕێژیمە هەزاران کێشەی دیکەی بۆ خەڵک پێک هێناوە، کە هەر کامەیان کەم بایەختر لە کێشەی ئابووری بۆ ئەوان نییە، بە شێوەیەک کە بونیاتی کۆمەڵگای ئێرانی لێک هەڵوەشاندۆتەوە.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان، پەرەگرتنی ئیعتیاد وەکوو خەسارێکی گشتیی کۆمەڵایەتییە. پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٦ی لە زاری پەرویز ئەفشار، وتەبێژی ستادی بەرەنگاربوونەی لەگەڵ مادده سڕکەرەکان، ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە وڵاتدا بە شێوەی بەردەوام ماددە سڕکەرەکان بەکار دێنن ٢ میلیۆن و ٨٠٨ هەزار کەس ڕاگەیەندراوە.

بە پشتبەستن بە لێکۆڵێنەوەکانی وەزارەتی بێهداشت کە ئاکامەکەی ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٦ی هەتاوی ڕاگەیەندرا، نزیک بە ٢٤٪ی خەڵکی ئێران کێشەی دەروونییان هەیە. هەواڵدەریی "ایرنا" لە زاری جێگری وەزیری بێهداشت باسی لەوە کردووە، کە ٦ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس خەمۆکیان هەیە. توێژینەوەکانی ئەو وەزارەتخانەیە دەخەری ئەوەیە کە ٦/٢٣٪ خەڵکی ئێران کێشەی "تێکچوونی دەروونی"یان هەیە و بەگشتی ٧/١٢٪ی حەشیمەتی ١٥ هەتا ٦٤ ساڵ لە ئێراندا نەخۆشیی خەمۆکیان هەیە.

لێکۆڵینەوەکانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تاران لە ساڵەکانی ١٣٧٨ تا ١٣٨٧ دەری دەخات، کە ڕێژەی پەرەسەندی "تێکچوونی دەروونی" لە نێو خەڵکی ئێراندا لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا ٦٠٪ بەرز بووەتەوە و گەیشتووەتە زیاتر لە ٣٤٪. هاوکات لەگەڵ کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا، گەندەڵیی دەزگا و ناوەندە حکوومەتی و بەرپرسانی باڵای وڵاتیش ڕووی لە هەڵکشان بووە.

ئەحمەد تەوەکولی، نوێنەری مەجلیسی شۆرای ئیسلامی کە سەردەمێک سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی مەجلیسی لە ئەستۆ بووە، باسی لە گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە "قۆناغی گەندەڵیی سیستماتیک" کردووە و جەختی کردۆتەوە کە " ناوەندەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گەندەڵی، خۆیان تووشی گەندەڵین". ناوەندی نێودەوڵەتیی شەفافیەتی ئابووریش سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە دۆخی ١٧٧ وڵات لە ساڵی ڕابردوودا، ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە ئاستی گەندەڵیی ئابووری و ئیداریدا لە پلەی ١٤٤دا تۆمار کردووە.

بەو پێیە دەتوانین زۆری دیکە لە بێسەروبەرەیی و کێشەکانی خەڵک بەو ڕێزبەندییە زیاد بکەین، کە لێکەوتەی سیاسەت و بەرنامەی نێوخۆیی و دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئیران بوونە و دەسکەوتەکانیشی بۆ خەڵک ئەوە بووە:

١. گەشەی خێرای خۆکوژی، "خبر آنلاین" ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی بڵاوی کردەوە: "خۆکوژی لە ئێراندا بە شێوازێکی سەرسووڕهێنەر ڕووی لە بەرزبوونەوەیە، دۆسییەکانی هەوڵدان بۆ خۆکوژی لە ساڵی ١٣٩٠ تا ١٣٩٤ی هەتاوی، (لە ماوەی ٥ ساڵدا) بەرزبوونەی ٦٦٪ی لە نێو ژناندا و ٧١٪ی لە نێو پیاواندا هەبووە. لە ئێستادا ئێران پلەی یەکەمی خۆسووتاندنی ژنانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە. بلاڤۆکی (جهان صنعت ١٤ی جۆزەردانی ١٣٩٦)

٢. نەمانی شادی لە نێو خەڵکدا و بوونی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگایەکی شەڕخواز و تووڕە. ڕێکخراوی پزیشکی یاسایی ئیران لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٥دا ڕایگەیاند، لە ماوەی ٨ مانگی یەکەمی ١٣٩٥ی هەتاوی، زیاتر لە ٤٠٠ هەزار بریندار سەردانی ئەو ناوەندەیان کردووە، کە سەرجەمیان شەڕیان لەگەڵ یەک کردووە.

ئەوە هەمان دوزخەکەیە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ خەڵکی دروست کردووە، ئێستا ئەو خەڵکە دوای چەندین دەیە ڕێگاچارەی ڕزگاریی خۆیان لە دوزەخەدا لە ڕووخانی ڕێژیمدا دەبیننەوە.

هەر بۆیە هۆکاری ناڕازی بوونی خەڵک لەو ڕێژیمە ڕەهەندی جیاواز و بەرینی هەیە، وەک نەبوونی ئازادی، سەرکوت و زوڵمی لەڕادەبەدەری زۆر دژی کەمینە دینی و مەزهەبییەکان، سەرکوت و سووکایەتی کردن بە نەتەوە غەیرە فارسەکان، دزی و تاڵانی سەرچاوە ئاوییەکانی ژێرزەویی لە ناوچە پەراوێزەکانی ئێران و ستەمی زۆری دیکە کە ئەو ڕێژیمە دژی خەڵکی ئیران دەیکات و کێشەی ئابووری تەنیا ڕەهەندێکە کە ڕێژیم لە هەوڵدایە تا بە گەورە پیشاندانی ئەو بابەتە، هەموو ناڕەزایەتییەکانی دیکە بشارێتەوە، بەڵام ناکرێت بۆ هەمیشە خەڵک فریو بدەی.

**ئەو ڕێژیمە هەر لە هەمان ڕۆژانی هاتنە سەرکارییەوە بە هەموو هێزەوە هەوڵی داوە، هەتا لە ئێران دۆزەخێک بۆ خەڵکەکە دروست بکات کە وێنانەکراو بێت و ئەلحەق تێکۆشان و بەرنامەکانیشی لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە پێناو کردنی ئێران بە جەهەندەمێک بە تەواوەتی سەرکەوتوو بووە. یەکێک لەو بەرنامانە وێرانی و لەنێوبردنی ئابووریی ئێران بوو.**

**ڕێکخستنی دەقیقی سیاسەتە نێوخۆییەکان و هاوئاهەنگردنی سیاسەتەکانی دەرەوە بە مەبەستی دوژمنتراشی و خەرجکردنی داهاتی زۆری وڵات لە پێناو وەدیهێنانی ئیدئۆلۆژی بەرزەفڕانە زێدەخوازییەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێبەریی جیهانی ئیسلام "بە لەبەرچاونەگرتنی گەندەڵی هەوساربڕاوی حکوومەتی" توانی خەڵک لە نانی سفرەش بێبەش بکات.**

**هەر بۆیە هۆکاری ناڕازی بوونی خەڵک لەو ڕێژیمە ڕەهەندی جیاواز و بەرینی هەیە، وەک نەبوونی ئازادی، سەرکوت و زوڵمی لەڕادەبەدەری زۆر دژی کەمینە دینی و مەزهەبییەکان، سەرکوت و سووکایەتی کردن بە نەتەوە غەیرە فارسەکان، دزی و تاڵانی سەرچاوە ئاوییەکانی ژێرزەویی لە ناوچە پەراوێزەکانی ئێران**

# تارمایی لە چاویلکەی فاشیزمەوە

کەیوان درودی




بنەماییترین تایبەتمەندییەکانی فاشیزم بریتییە لە پیرۆزمەندیی پەتی و سەرۆکێکی بێ هەڵە. لەلای فاشیستەکان ئەوەی هەمیشە وەک داردەست ئاپۆرەی پێ کۆنترۆڵ دەکرێ، تارماییەکی تۆقێنەرە کە بەپێی هەڵکەوتەیەکی تایبەت ئەم تارماییە لە شێوازی دوژمن، لایەن یان ئەگەرێک خۆی دەردەخات.

تارمایی لێرە بریتییە لەو بەرامبەرەی کە پیرۆزمەندیی ئایدیا تایبەتەکە یان سەرۆکە پیرۆزەکە دەخاتە مەترسییەوە. کەوایە بۆ بەردەوامیی حوکمڕانیی فاشیزم پێویستە بەردەوام بوونێک وەکوو هەڕەشە لە فۆرم و شێوازێکی تایبەتدا بخرێتە ڕای گشتییەوە. لە ڕاستیدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فاشیزم بەهیچ جۆرێک مل بە نەرمی نواندن و تەعامول نادات و هەربۆیە هەمیشە پێویستی بە ئەویترێک هەیە کە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی پێ کۆنترۆڵ بکات و ئایدیای خۆی پێ بەرهەم بهێنێتەوە و گرینگتر لە هەمووان پاکانە بۆ دۆڕان و کەوتنەکانی بکات.

ئەم بابەتە بەر لەوەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیک بێت، فەرهەنگییە بەو واتایە کە لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژێرخانێکی کولتووری بۆ سەرەڕۆیی هەبێت ڕێژەیەکی زۆر سەرسپێردراو و ملکەچ هەن کە دەبنە هۆی شێوەگەرتنی پێکهاتەیەکی حوکمڕانیی سەرەڕۆ.

ئەم ملکەچییە ئەگەرچی زۆر جار بەهۆی تێنەگەیشتووییەوە دێتە بوون بەڵام جاری واشە بە خۆئاگایی و لێزانییەوە هەڵدەبژێردرێ.

ڕەنگە بۆ کەسێکی خوێندەوار و تێگەیشتووی ئەم سەردەمە باوەڕمەندی بە داهێنانی مەسەلەی مافی مرۆڤ لای دەرباری دەسەڵاتێکی میراتی و خێڵەکی لە دوو هەزارە لەمەوپێش ئەستەم و نەکرد بێت، بەڵام ئەگەر کولتوورێکی ئاوێتە لەتەک سەرەڕۆیی و داگیرکاری هەبێت ئەوە دەبێ چاوەڕوانی هەرجۆرە لێڕوانینێکی نائاوەزمەندانە و دوور لە گیانی ئەرکی زانایی، فێرکردن و فێربوون بین.

ئەگەر بەرژەوەندییەکانی گەلی سەردەست بخوازێ ئەوە ئامرازەکانی پەرەپێدانی هەرجۆرە ئیددیعایەکی سەرشۆڕانە لەبەردەستن تاکوو لە دەلاقەی کولتووری فاشیستییەوە مێنتالیتەی ئاپۆرەی پێ ژەهراوی بکرێت.

ڕاگەیاندن، پەروەردە و فێرکاری و بڕۆکراسی گەورەترینی ئەم باسکە کارایانەن کە بۆ ئەم مەبەستە دەخرێنەگەڕ؛ ئەم بژاردەگەلە کە ئامرازی گەلی سەردەستن بە یارمەتیی ژێرخانی کولتووری فاشیستی لە نێو کۆمەڵگە دەبنە ڕێخۆشکەری درێژە کێشانی ژیانی سەرەڕۆکان.

دەرکەوتەکانی ئەم تیۆریگەلە لە ئێستەدا بەشێوەی بینگەیی و بەرهەست پڕ بە باڵای حاکمییەتی زاڵ بەسەر جوغرافیای ئێراندا دیارە. لە ئێستادا فاشیزمێکی مەزهەبیی تۆخ لە ئێراندا لەسەر دەسەڵاتە. فاشیزمێک کە لای وایە خاوەنی ڕێبەرێکی پیرۆزی ئاوەزمەندە و هاوکات بەدوور لە هەڵە و کەموکۆڕییە. هەر ئەمەش وای کردووە کە چووکەترین ڕەخنە لەم سەرۆکە تاقانە وەکوو تاوان لە یاسای بنەڕەتیدا دابنرێت. هەروەها لە رووی ئایدیاوە خاوەن بیرێکی متافیزیکیی جەزمگەرای شیعییە کە بەدوای هاتنی رزگاریدەرێکی هەتاییدا دەگەڕێ و زیرەکانە دەس بۆ بنەماکانی باوەڕی مەزهەبی دەبات و بەم شێوەیە هەموو پێکهاتە شیعییەکانی ناو و دەرەوەی ئێرانی کردووەتە ئامانجی خۆی و هێزی ڕادیکاڵی میلیشیای لێ ساز کردوون کە ئەمەش وەک خۆی سەلمێنەری بوونی تایبەتمەندییەکی تری فاشیزمە لە حاکمییەت کە ئەویش برەوپێدانی ڕۆحی شەڕخوازی و شەڕئەنگێزییە.

لەڕووی دوژمن داتاشینەوە فاشیزمی مەزهەبیی ئێستەی ئێران، توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لە فێڵە باوەکانی فاشیزم چوارلای خۆی بە دوژمنی گریمانیی بتەنێ، بەو واتایە کە بەردەوام خەڵکی خۆی لە ئەگەری پیلانی ئەویتر بتۆقێنێ و پاسیڤی بکات.

هەروەها ڕوویەکیتری گرینگی کارکردی ئەم دەسەڵاتە ئەوە بووە کە توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر بە هاوکاری و هاودەستیی پاشماوەی فاشیزمی خێڵەکی و میراتگرانەی پێشوو، ڕێژەیەکی زۆر لە کەموکۆڕی و هەڵەکانی لە مل خۆی بکاتەوە و بیخاتە ئەستۆی نەیارانێک کە زۆر جار هەر بوونیان نییە! ئەم تێڕوانینە لە چاویلکەی فاشیزمەوە هەمیشە بەدوای شوبهاندن و دەرخستنی تارماییەکە کە خۆی پێ بشارێتەوە کە وەک دەیبینین ڕێژیمی هەنووکەی ئێران سەرەتاییترین چاوەڕوانییەکانی خەڵک بە بیانووی بوونی دوژمنانی پیلانگێڕ بەلاڕێدا دەبات.

هەر لە ئێستەدا قەیرانی نرخی دراو لە ئێران خراوەتە ئەستۆی چەند دەڵاڵی کڕین و فرۆشتنی دراو کە گوایا سەر بە بەهاییەکان و یەهوودییەکانن! ئەم ئیدیعا منداڵانەیە تەنیا بەوەش نەوەستاوە و هەرێمی کوردستان و شاری هەولێری بە هاودەستی ئەم دەڵاڵانە زانیوە! ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕەوتی دابەزینی نرخی ریال بۆ بیست ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە و دیار نەمانی پارە لە بازاڕ لەبەر بێ متمانەیی خەڵکی خۆی و تەریک کەوتنیەتی لە سووڕانی بازاڕی جیهانی. جیا لەمانەش هەموو ئەو بڕە پارەی خەڵک لای بانکەکانی کەرتی تایبەت دایناوە بە ڕێپێدانی بانکی ناوەندی و بەدەستی دەسەڵاتدارانی سوپای پاسداران دزراوە و دیار نەماوە. بۆیەش بیری فاشیزم بۆ ئەوەی قامکی تاوان لەسەر دەموچاوی خۆی لاببات و بۆ تارماییەکی ڕابکێشێ ناچارە پەنا بۆ دوژمن داتاشین ببات و تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەش لە پڕۆپاگاندای ڕاگەیاندنە بەناو ئازادەکانی دەرەوە کە پریشکەی بیری فاشیزمی ئارییایین بەباشی کەڵک وەربگرێ. ڕاگەیاندنگەلێک کە لەلای وەزارەتی خەزێنەداری و دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕوومالی هەواڵ و ڕووداوەکانی نێو ئێران پاڵپشتی دەکرێن و لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی ٨٨ بە بوونی مۆرەگەلی ڕێژیم بە تەواوەتی کەوتوونەتە خزمەتی سوپای پاسداران و لقوپۆکانی.

کارکردی تایبەتی ئەم مۆرەگەلە کە لەژێر ناوی هەڵسووڕاوی سیاسی لە دەرەوە گیرساونەتەوە ئەوەیە کە پەرە بە گوتاری دوژمن داتاشینی ڕێژیم لە دەرەوە بدەن و بە ناوی نیشتمانپەروەری و مافخوازییەوە لە تریبۆنی خۆڕایی وڵاتانی ئازاد بە قازانجی فاشیزم کەڵکاژۆ بکەن.

ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ناکرێ فاشیزم یەکلایەنە پەیوەست بێ بە دەزگایەکی حوکمڕانی و قەبارەیەکی ڕەسمی وەکوو دەوڵەت، بەڵکوو پانتاییەکی بەرین و ناتەواوە کە ژێرخانێکی کولتووری و بیرێکی چەقبەستووی لە پشتە و لە مێنتاڵیتەی کۆمەڵ بە درێژایی دەیان ساڵ جێی گرتووە.

کەوایە چاویلکەی فاشیزم جیا لە ڕووە بەرهەستەکەی کە بریتییە لە بەکارهێنانی هێز و دامەزراوە شەڕئەنگێزە سەرکوتکەرەکان، بریتییە لە جیهانبینییەکی تایبەت و ژیربیژییەکی نەخۆش کە لە زەینی تاکەکاندا جێی خۆش کردووە.

لای ئەم تاکانە بەرژەوەندییەکی باڵا هەیە کە پاڵەوانێکی ئەفسووناوی دەیپارێزێ و لە گشت جۆرە پرسێکدا لە پێشترە و لە هەر بابەتێک پیرۆزترە. ئەم تێڕوانینە بەشێوەی ئۆبژەکتیف لە دوای دەرکەوتنی سوپای قودس و قاسم سولەیمانی لە سووریە بۆ گشت لایەک دەرکەوت. کەسانێک کە بە ناوی هەڵسووڕاوی سیاسی و دژبەری ڕێژیمی ئیسلامی چوونە دەرەوە چەندقات زیاتر لە خودی ڕاگەیاندنی سەربە سپا بە باڵای لەشکری تێرۆریستی سپا و قاسمی سولەیمانی هەڵیاندا. ئەم کەسانە ئەگەرچی بەشێکیان سەر بە ڕێژیم نین، بەڵام خزمەتێکی ناوازەیان بەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە کرد و ئەمەش چەرخەی فاشیزمی خێراتر کرد.

لە ڕاستیدا هێنانەوەی نموونە بۆ سەلماندنی فاشیزم و وەهمەکانی وادەکات کە لە بەرینایی ئەم نەخۆشییە کەم بکرێتەوە. فاشیزم لەخۆیدا جۆرێکی تایبەتە لە وەهم و گومانی بەردەوام کە کۆمەڵگەیەک تووشی نەخۆشیی دەکات و هەرجۆرە کڵاوڕۆچنەیەک بۆ پێکەوەژیان و مرۆڤسالاری و بەرامبەری دادەچنێ و تەنیا بە گۆڕانی کولتووری و ڕەخنە و خەباتی درێژخایەنی لایەنگرانی دادوەری و یەکسانی ڕوو لە کزی دەکات.

گۆڕانێک کە لە ناوخۆوە بەدوای پێکهاتن و دابەشکاری لە دارایی گشتی و دەسەڵاتدا بێت و لە دەرەوەش بەجێی دوژمن زیاتر هەوڵی دۆزینەوەی زۆرترین دۆست و هاوپەیمان بێت بۆ دابینکردنی سەقامگیریی و ژیانێکی مرۆیانە بۆ گشت لایەن و پێکهاتەیەکی خۆی.

ئەم پرۆسەیە ئەگەرچی دوورودرێژە بەڵام بە پەرەگرتنی پەیوەندی و کرانەوە، لەمێژە دەستی پێکردووە و پێویستە لای هەموو ئەوانەی خوازیاری ئاشتی و ئاسایشن پشتگیری بکرێت.

# دوژمنانی ئازادی چ ڕەوتە فیکرییەکیان بەدڵە



جەمال فەتحی

پێشکەوتنی بوارە جۆراوجۆرەکانی سەرجەم لقە زانستییەکان، کە بە هۆی ململانێی دوو بیری جیاواز یان وڵامی بابەتێکی شێمانەیی دێنە ئاراوە، ئەوەی کە هەر تاکێکی خاوەن بیر بۆچوونەکانی خۆی بەڕاستتر لە کەس و کەسانی بەرانبەری دەزانێت هەقیقەتێکە کە هەموو کەسێک ئەو مافە بە خۆی دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا خاڵێکی باوەڕپێکراو لە لایەن سەرجەم کۆمەڵگاوە پەسەند دەکرێت و واقعییەتی بابەتەکان و هەموو هزرەکان لە خۆ دەگرێت، ئەوەی کە هیچ کات دوو هێڵی فیکریی ڕاست و ناڕاست یەک ناگرنەوە، یان لانیکەم پێکەوە هەڵناکەن بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە هەر دوو لا بۆچوونی خۆیان پێ ڕاستتر و دروستترە.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی فەلسەفە و زۆربەی زانستە فیکرییەکان بدرێتەوە، هێندێ خاڵ بەرچاو دەکەوێت، کە وڵامی زۆربەی قەیرانە هزرییەکان دەدرێتەوە. ئەگەر لە بابەتێکدا دوو لایەن و هێڵی فیکری جیاواز دەکەونە ململانێیەوە، ئاکامەکەی یان دەبێتە هۆی بەزینی یەکیان، یان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی فکرێکی سێهەم کە ڕەنگە دڵخوازی هیچ لایەکیان نەبێت، بەڵام کۆتاییهێنەری ململانێیەکانە.

ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی پاوانخواز هیچ کات زانست و ململانێیە هزرییەکانیان بە قازانجی خۆیان نەزانیوە و بەردەوام هەوڵیان ئەوە بووە، کە لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا تاقانە هێڵێکی هزریی ببووژێتەوە، بەڵام هەر بە هۆی ڕۆحییەی هەلپەرستانەیان بۆ ئەوەی دەسەڵات و ئامانجەکانیان لە نێوان بەرداشی دوو لایەنی هزریی نەهاڕدرێت، ئاراستە فیکرییەکان و سیناریۆکان جۆرێک ڕێک دەخەن کە لە جیاتی کۆنتاکتی دوو بیری جیاواز، دوو هێڵی هزریی دژەیەک لە کۆمەڵگا سەرهەڵ دەدات.

هەر وەک باسی لێ کرا، بە هۆی ئاڵوگۆڕی بیرە جیاوازەکان و قووڵبوونەوە لە ئەگەر و شێمانەکان بەشێک لە پێویستییە هزرییەکان و هەروەها قەیرانی بیاڤە جۆراوجۆرەکان چارەسەر دەکرێت و لانیکەمەکەی لە ئەنجامدا بیرمەندان بەو قەناعەتە دەگەیەنێ، کە هەمیشە ڕێگایەکی سێهەم هەیە کە دەتوانێت پێش بە دەمارگژییەکان بگرێت، لێرەیە کە ڕۆحیەی منایەتی و دیکتاتۆریەت لە کۆمەڵگا ڕوو لە کزی و لاوازی دەکات و لە بەرانبەردا ڕۆحیەی فرەلایەنی و ئێمەییانە بەهێز دەبێت کە ئەمە ڕەوتی ئاڵوگۆڕی بیر لە وڵاتێکی دێموکراتیک و گەشەسەندووە.

جەمسەری بەرانبەری ئەم ڕەوتە، لە کۆمەڵگایەکی بندەستکراو زیاتر گەشە دەستێنێت و ناوەندەکانی هێز و دەسەڵاتی قۆرغکراو بۆ ئەوەی تاکە خاوەن بیرەکان و ڕەوتی ململانێیە هزرییەکان بە ئەنجامێکی دڵخواز و ڕێگایەکی سێهەم نەگەن، دوو هێڵی بیریی دژەیەک دەخەنە نێو گۆڕەپانی زۆرانبازییە هزرییەکان و لە ئاکامەکەی دۆڕان و بەزینی هەر لایەک بێت بە قازانجی هەلپەرەستانی دەسەڵاتویست تەواو دەبێت.

لە کوردستان کە ڕەوتی گۆڕانەکان بەردەوام لە پاوان و لەژێر هێژمۆنی دوژمنانیدا بووە، ئەو خۆراکە فکرییانەی کە بە زۆر و بە پیلان لە مێشکی تاکی کورددا خنراوە، لە جۆری دووهەمی ڕەوتەکە بووە، واتە ململانێیەکان لە نێوان دوو فکری جیاواز نەبووە، بەڵکوو لە نێوان دوو فکری دژەیەک بووە، واتە دوژمنان هەوڵیان ئەوە بووە کە هێڵە فکرییە ئاسمانیی و ئایینییەکان و ماتریاڵەکان لەهەمبەر یەکتردا زەق بکەنەوە، دیارە لە شەڕی نێوان ئەو دوو هێڵە فکرییە ئەوە لایەنی سێهەمە (داگیرکەران) کە قازانج دەکات؛ دەکرێت نموونەی بەرچاوی ئەم ململانێیانە لە بازنەیەکی بەربڵاوتر ئاماژە بە شەڕی نێوان هێڵی فکریی ئیسلامییەکان و دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی ئەفغانستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا بکرێت، کە دووکەڵی ئاگری ئەم پیلان و ململانێیە لە چاوی چینی هەژار و خەڵکی زوڵملێکراوی ئەفغانستان چووە، یان ململانێی نێوان هێزە مارکسیستە ڕادیکاڵەکان و هێزە ئیسلامییەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە کوردستاندا لە بازنەیەکی چووکەتردا یەکێکی دیکە لەم نموونانەیە.

ئەگەرچی هێندێ جار ئەو ململانێیانەی نێوان دوو هێڵی دژەیەک بە هۆی تایبەتمەندیی ئەو هزرەوە، بە شێوەیەکی خۆڕسک و ئۆتۆماتیکەن لە کۆمەڵگاکاندا دێنە ئاراوە، بەڵام ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە دوژمن ئاواتی پێ دەخوازێت و ئەو ئاوە لێڵەیە کە دەیەوێت ماسی خۆی تێدا ڕاو بکات.

هێندێ جار لە ناخی ئەم کۆمەڵگا ئاڵۆزانەی کە تووشی ململانێیەکی لاساییکەرانە بوون، کەسانێک سەر هەڵدەدەن کە ناکەونە داوی ئەم پیلانە دژەیەکییانە و وەکوو بلیمەتێکی کاریزما لە شێوازی ئاڵوگۆڕە فکرییە جیاوازکان کەڵک وەردەگرن و ئاراستەی ململانێیەکان بەرەو ئەنجامێکی گشتپەسەند دەبەن و ململانێیەکان جێگایان بە "یەکتر قەبووڵکردن" و "پێکەوەهەڵکردن" دەدەن.

یەک لەو زانا و بلیمەتانەی کە لە کۆمەڵگای کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا توانی ئاراستەی ململانێی هێڵە فکرییەکانی کوردستان بە قازانجی بزووتنەوەی ڕەسەنی کورد بگۆڕێت، زانا و بیرمەندی کورد د. قاسملوو بووە، کە لە بەشێک لە سیاسەت و مێتۆدە سیاسییەکانی خۆی ڕێگایەکی سێهەمی بە ناوی "سووسیالیزمی دێموکراتیک" هێنایە بەرباس، کە پاش چەندین ساڵ هێشتا دوژمن نەیتوانیوە ئەو هێڵە فکرییە سێهەمە لە کوردستان کوێر بکاتەوە و سەرچاوەکەی وشک بکات.

ئەگەرچی ئەم ئاڵتێرناتیڤە سەرەتا لە نێو بزووتنەوەی ئێرانی و کورد و تەنانەت لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیشدا دژایەتی دەکرا و وەکوو گارانتییەک بۆ پاراستنی سەرمایەداری چاوی لێ دەکرا، بەڵام لەم سەردەمەدا کە هەموو ڕەوتە فکرییەکان و شێوازە سیاسییەکانی کورد بۆ ڕزگاریی کوردستان تاقی کراوەتەوە، تاقانە ڕێگا و بێوێنە ڕێگایە بۆ دەربازبوونی کورد لەم قەیران و ناتۆکمەییە فکرییەی کە تووشی بووە.

# پەیامەکانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکرات ڕوو لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان

خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان"؛ لە کۆنگرەی شازدەیەمی حیزبەکەماندا کۆمەڵێک پەیامی تایبەت لەلایەن کۆنگرەوە ئاراستەی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان کراوە کە بەهۆی گرینگی بابەتەکە، لەم ژمارە و ژمارەکانی داهاتووی کوردستاندا دەقی تەواوی پەیامەکان دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.

## پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان
هاونیشتمانیانی خۆشەویست

هەروەک ئاگادارن، کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبە تێکۆشەرەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ڕۆژانی ١هەتا ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاویدا لەژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەڕێوەچوو. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی گرینگ لە پەیوەندیی لەگەڵ چارەنووسی بزووتنەوەکەماندا هێنرایە ئاراوە و پێداگری لە سەر پێویستیی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە میکانیزم و شێوازی ڕێکخستن و کانالیزە کردنی تواناکانمان لە پێناوی بەرەوپێشبردنی خەباتێکی مۆدێرن و سەردەمیانەدا کرایەوە.

گومان لەوە دا نییە کە هاوتەریب لەگەڵ ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکاندا، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵگا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە و هەنوکەش پێویستیی بە خۆداچوونەوە و چارەسەری کەموکوڕی و کۆسپەکانی سەر ڕێگای هەوڵەکانمان زیاتر لە هەمیشە خۆی دەنوێنێت.

ئێمە لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆمان، خوێندنەوە و لێکدانەوەی وردمان بۆ ڕۆڵ و پێگە و ئەرکەکانی خۆمان و هەرکام لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان لە پێناوی سەرخستنی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەماندا کرد و پێمان لە سەر ئەو پرەنسیپە دێرینەی حیزبەکەمان داگرتەوە کە دەبێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەمان هاوئامانج و هاوئاهەنگ لە خەباتێکی فرەڕەهەند و گشتگیردا قەبووڵی ئەرک و بەرپرسایەتیی بکەن و جێگە و پێگەی خۆیان لەو خەباتەدا بە وردی پێناسە بکەن و بۆ بەرەوپێشبردنی بە کردەوە هەنگاو هەڵبگرن.

خاڵێکی گرینگ کە دەتوانێ ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان کورتتر و کەم تێچووتر بکاتەوە، ئەوەیە کە هەرکام لە ئێمە لە هەر جێگە و پێگەیەکدا کە هەین و بە هەر شێوازێک کە پێمان دەکرێت هەوڵ بدەین دەرفەتەکانی کار و چالاکیی شوێندانەر لە ڕەوتی خەباتی هاوبەشماندا لە کیس نەدەین و ڕێگە نەدەین جیاوازیی بیروڕا و بەرژەوەندییە تەسکە تاکەکەسی و گرووپییەکان ببێتە لەمپەر لە بەردەم یەکگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەییماندا، خەباتی هیچ کەس و لایەنێک بە کەم بایەخ لە قەڵەم نەدەین و فرەڕەنگییەکانمان بکەینە هەوێنی دەوڵەمەندیی گوتار و تۆکمەیی ڕێکخستن و بەهێزیی کردارمان و دوژمن نەتوانێ بە قۆستنەوەی جیاوازییەکانمان، کەلێن و دووبەرەکی بخاتە نێوانمان و ڕێگە نەدەین کە مافپێشێلکەری کۆنەپەرست لە هەوڵەکانیدا بۆ تواندنەوە و لاوازکردنمان سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات خۆی لە خەبات بۆ سەرخستن و بەرەوپێشبردنی هەموو هەوڵ و تێکۆشانێک لەو پێناوەدا بە ئەرکدار و بەرپرسیار دەزانێت و وێڕای پشتیوانی و داکۆکی لە هەوڵ و خەباتی مافخوازانەی هەموو تاکەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە لەم قۆناغە هەستیارەی مێژووی گەلەکەماندا زیاتر لە جاران پێویستی هەموومان وەک پەنجەکانی یەک دەست، یەکڕیز و هاوئاهەنگ و یەکگرتوو بین و شانبەشانی یەکتر، سەنگەرەکانی بەرگری لە کەرامەت و ئازادیمان پتەوتر بکەین.

لە کۆتاییدا بەڵێن دەدەین تا وەدیهاتنی هەموو ئامانجە ڕەواکانی بزووتنەوەکەمان، وەک نەریتی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئامادەی تێکۆشان و گیانفیدایی لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بین و وێڕای خەباتگێڕانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانمان بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن هەنگاو بنێین.

**بەئاواتی سەرکەوتن و بە ئازادی گەیشتن**

**کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی**

## پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان
سڵاوی ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدانتان پێشکەش دەکەین

شانازییەکی مەزنە کە لە تریبونی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی بنەماڵەی هەزاران شەهیدی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دایک و حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندییەوە پەیامی ئەمەگناسی و درێژەدان بە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی ڕۆڵە گیانبەختکردووەکانی نەتەوەکەمانتان پێشکەش بکەین.

پتر لە حەفتاودوو ساڵ خەباتی بێ پسانەوەی حیزبی دێموکرات لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی نەتەوە سەربەرزەکەمان و پێشکەشکردنی هەزاران ڕۆڵەی وەفادار بەم ڕێبازە سەردەمیانە و مرۆڤتەوەرە، بە پلەیەکی بەرچاو قەرزاری لە خۆبردوویی، گیانفیدایی و بڕواپتەویی ئێوەی بنەماڵەی شەهیدانە کە بیروباوەڕتان قەڵایەکی لەگیراننەهاتووی ئازادیخوازی و ڕزگاریخوازی بووە.

ڕاپەڕین و خرۆشانی ئەمدواییانەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دژی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی هەنووکەی تاران، پەرەسەندنی بیروباوەڕی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی، بەرزبوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری پێگە و نفووزی حیزبەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ئێران و ناوچەکەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ڕۆژی هاتنەدی ئاواتی شەهیدان و بەرهەمی خوێنی ئاڵیان و جاڕدانی بانگی سەرکەوتنی حەق و داد بەسەر تاریکی و کۆنەپەرەستی نزیکتر لە هەر کاتێکە.

پشتگیریی قایم و پتەوتان لە ڕاسان، خەباتی نوێی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی میراتگری شەهیدان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕاگەیاندنییەوە لە نەورۆزی ١٣٩٤ەوە تا هەنووکە، نیشانەیەکی بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە کە وەک هەمیشە خۆتان لە ڕیزی پێشەوەی ئەرکداران و هەڵگرانی ئاڵای دێموکرات دەزانن.

چ پاداشێک بارتەقای ئەو قورسایی ئەرک و پەرۆشییەتان دەبێ جگە لە هاتنەدیی ئاوات و خولیای ڕۆڵە خەباتگێڕ و نەبەزەکانتان.

ڕاسان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بە دۆست و دوژمنی سەلماند کە هێنانەدیی پەیمانمان لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان هەمیشە و هەردەم لە ترۆپکی کار و کردەوەکانماندا بووە، سەلماندنێک کە گەشانەوەی هیوا و خۆزگەی دایکانی جگەرسووتاوی سەروەرانی مێژووی مرۆڤایەتی لێکەوتووەتەوە، سەلماندنێک کە بەبێ گیانفیدایی و لەخۆبردوویی پێشمەرگە نەبەزەکانی حیزبەکەمان و پەیوەستبوونی بەشێک لە باشترین ڕۆڵە خەباتکارەکانی ئەم نەتەوەیە بە ڕیزی کاروانی شەهیدان دەستەبەر نەدەبوو.

بەختەوەرین لەم تریبونەوە، سڵاوی ئەمەگناسی و لەخۆبردوویی بۆ سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان، لە شەهیدانی سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستانەوە تا شەهیدانی ڕاسان، بنێرین و پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوە ستەمدیتوو بەڵام خەباتکار و کۆڵنەدەرەکەمان نوێ بکەینەوە و ڕایبگەیەنین کە ڕاسان درێژەی هەیە.

**هەزاران سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**

**سەرکەوێ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات**

**شەکاوە بێ ئاڵای ڕاسان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆنگرەی شازدەهەم**

## پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ زیندانیانی سیاسیی خۆراگری کورد لە گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا

زیندانیانی سیاسیی سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان
سڵاوی خەبات و خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەتان لێ بێت

بە ناوی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەیامی ڕێز و حورمەت و پشتیوانیمان ئاراستەی ئێوە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی دەکەین کە گرتووچانە و ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی داگیرکەر و کوردکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانتان کردووەتە سەنگەرێک بۆ بە گژداچوونەوەی ستەم و داگیرکاری و هەڵاواردن.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە خەباتی گەلان لە پێناوی ئازادی و یەکسانی و سەروەریی نیشتماندا بۆ گەیشتن بە کەناری سەرکەوتن و بەختەوەری، پێویستی بە بەشداریی چالاکانەی هەموو تاکەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ڕەوتی تێکۆشانی سەخت و گشتگیر و بەردەوام دایە. هەر لەو سۆنگەوە تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەی زیندانیانی سیاسیی کورد و پابەندبوونیان بە ئامانجە بەرزە ڕەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی داگیرکراوی ڕۆژهەڵاتیشدا بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو لە پرۆسەی خەباتی بێوچانی گەلی کورد بۆ بە چۆکداهێنانی داگیرکەری ستەمکار و پێناسەیەکی درەوشاوە بۆ ئیرادەی پۆڵایینی تێکۆشەرانی نەتەوەکەمانە کە سەروەریی نیشتمانی و پاراستی کەرامەتی مرۆیی و سڕینەوەی هەموو چەشنە ستەم و هەڵاواردنێک لە وڵاتە داگیرکراوەکەماندا کردووەتە ئامانج.

هاوخەباتانی هێژا!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو کۆڵەکەیەکی سەرەکیی مێژووی پڕ سەروەریی خەباتی گەلەکەمان هەمیشە باوەڕێکی پتەوی بە پێویستی بەشداریی هەموو چین و توێژەکان و سێرەگرتن لە داگیرکەر لە هەموو سەنگەرەکانەوە هەبووە و خۆڕاگریی ئازایانەی تێکۆشەرانی ئەو حیزبەش لە زیندانەکانی هەر دوو دەسەڵاتی نگریسی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا وەکوو لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی پڕ سەروەریی نەتەوەکەماندا تۆمار کراوە.

هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی ئێمە لە قۆناغی نوێی خەباتی خۆیدا کە بە پێکەوەگرێدانی خەبات شاخ و شار ناسراوە، لە هەوڵی ئەوە دایە کە بە دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو، ڕێگا بۆ هاوئاهەنگکردنی هەرچی زیاتری هەوڵ و خەباتی هەموو لایەنەکان و چین و توێژەکان و یەک لەوانەش زیندانیانی سیاسیی سەربەرزی نەتەوەکەمان بکاتەوە و یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوە کە تێکۆشانی هەموو چین و توێژەکان لە سەر ڕێڕەوی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەمان کاناڵیزە بکرێت.

زیندانیانی سیاسیی خۆڕاگری کوردستان!

ئێمە لە کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەماندا خۆمان بە پاڵپشتی خەباتی کۆڵنەدەرانەی ئێوە دەزانین و شانبەشانی ئێوە بۆ دابینبوونی مافە ڕەواکانمان تا دواڕۆژی ڕوونی سەرکەوتن، ڕادەوستین. گەیاندنی دەنگی ڕەوای مافخوازیتان بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین و شێلگیرانەتر لە جاران لەو پێناوەدا هەوڵ دەدەین. دڵنیاین کە ئێوەش وەک هەمیشە بە خۆڕاگریتان لە بەرانبەر ئەشکەنجە و ئازار و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی جەللادەکانی ڕێژیمدا وەرەی دوژمن دەڕووخێنین و دێوەزمەی زیندان بە چۆک دادێنین.

**سڵاو لە هیممەت و خۆڕاگریی زیندانیانی سیاسی**

**بڕووخێ ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی**

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات

کادر و پێشمەرگە فیداکار و تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان کۆنگرەی "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" لە چوارچێوەی باس و بابەتەکانی خۆیدا بە گرینگییەکی تەواوەوە سەیری کار و تێکۆشان و چالاکی نواندنی ئێوەی وەک بەشێکی بەرچاو و شوێندانەر لە بزووتنەوەی کوردستان و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کرد و بە سرنجدان بە دەوری کاریگەرتان لە راسانی ڕۆژهەڵات دا سڵاو و ڕێز و پێزانینی خۆی پێشکەش کردن. هەروەها هیواداری دەربڕی کە لە بە جێهێنانی ئەو ئەرکە قورسەدا کە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات خستوویەتە سەرشانتان سەرکەوتوو و وەک هەمیشە سەرفراز بن.

تایبەتمەندییەبەرزەکانی پێشمەرگە چ لە بواری خۆڕاگری و چ لە بواری سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە سیمایەکی وای بە ئێوە بەخشیوە کە ناو و ناوبانگتان بچێتە فەرهەنگی وڵاتانەوە و لە بیروڕای گشتیی جیهاندا بەم جۆرە پێناسە بکرێن کە هەبوون و هەن.

دیارە لە نێوخۆی کوردستانیشدا وەک پێشەنگی ئەو خەباتە کە لە پێناو وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد لە ئارادایە ناسراون و هەربۆیەش خاوەنی جێگە و پێگەیەکی زۆر دیار و بەرچاو لە خۆشەویستی و پاڵپشتی کردنن.

کۆنگرەی شازدەهەم، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دڵنیایە کە ئێوەی تێکۆشەر بە پاراستنی تایبەتمەندییە بەرزەکانتان و بە گرینگیدان بە دیسیپلینی ئاگاهانە و کردەوەی پێشمەرگانە پارێزەری حورمەتی خۆتان و خاک و خەڵکی کوردستان بن. وەک هەمیشە بە سەمبولی فیداکاری، گیان لەسەر دەستی و چاونەترسی بمێننەوە. ئێوە ئەگەر دەبینن کە حیزبە تێکۆشەر و بە پرنسیپ و خۆش ناوەکەتان خاوەنی ئیعتبار و گرینگی لە رادەی نێونەتەوەیی و ناوخۆییە کە بەشێکی بۆ سیاسەتی دروست و واقعبینانە و پشتیوانی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە کۆڵەکەیەکی دیکەی بەرهەمی فیداکاری و نەقشی شۆڕشگێرانە و فیداکاریەکانی ئێوەیە. هەربۆیەش کۆنگرە لەو بڕوایەدا بوو کە لە هەلومەرجی پڕ هەستیاری هەنووکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستە لە هەموو بوارەکاندا ئەو ئامادەگییە بەمجۆرە کە پێویستە هەبێ و ئەو کۆڵەکەیش کە کادر وپێشمەرگە پێکی دێنێ لەوەش قورس و قایمتر بێ.

**جارێکی دیکە سەرکەوتنتان، تێکۆشانی بەردەوامی بە بەرنامەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین**

**سڵاو لە ئیرادەی پوڵایین و پێشمەرگانەتان**

**سڵاو لە پێشمەرگە یادگاری کۆماری کوردستان و باسکی بەهێزی گەل**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆنگرەی شازدەهەم**

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ی‌حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، "کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات" بۆ ژنانی کوردستان

خوشکان و ژنانی مافخوازی کوردستان

شازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات" کە لە ڕۆژانی ١ تا ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاویدا بەڕێوە چوو؛ وێڕای پێشکەش کردنی سڵاو و ڕێزی تەیبەتی بۆ ژنانی کوردستان، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی ئێوەی لە خەبەتی نەتەوەیی و نیشتمانی و هەروەها کاروچالاکیی شوێندانەرتان لە ڕەوتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و بەرابەریی ژن و پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵدا بەرز نرخاند و بە گرینگییەوە ڕوانییە داهاتووی بزووتنەوەکەتان بە تایبەت کە هەڵکشان و بەرەوپێش چوونی تێکۆشانی ژنان بۆ ماف و ئازادییەکانیان چ لە ئاستی ئێران و چ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و هیوایەکی زۆری بە ئاکامی ئەو بزووتنەوە بەخشیوە:

دیارە تێچووی ئەو بەشدارییە و ئەو چالاکی نواندنانە بۆ ژنان چ لە ئێران و چ لە کوردستان کەم نەبووە، بەو حاڵەش فشار و زەختەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ژنان و درێژەدانی بە پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانیان نەیتوانیوە هەنگاویان پێ شل بکا و لە سوور بوون لەسەر خەبات و تێکۆشان و دەنگ هەڵبڕین بۆ ماف و ئازادییەکانیان بیانگێڕێتەوە.

گرینگ ئەوەیە کە ژنان بە باشی لەو ڕاستیە ئاگادارن کە کۆماری ئیسلامی ئێران و یاسا سەرچاوە گرتوو لە باوەڕە دواکەوتووەکانی هۆی سەرەکی بێ ماف و ئازادییەکانیان و دابین بوونی یەکسانی دەستەبەر دەکا.

هەر ئەوەش خەباتی ژنان بۆ ماف و ئازادی و یەکسانی لە خەباتی سەرانسەری و گشتیی کۆماڵانی خەڵکی کوردستان و ئێران گرێ دەدا و لە ڕەوتی ئەو بزووتنەوەیشدا هیماکانی خەباتی ژنی کردووەتە هیمای خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا.

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لەبەرچاو گرتن و گرینگیدان بە خەباتی ژنان و وێڕای دەربڕینی پشتیوانی هەمیشەیی خۆی لە خەبات و لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و پێداگری لەسەر یەکسانیی ژن و پیاو، ڕاسپاردەی بۆ بەڕێوەبەریی نوێی حیزب ئەوەیە کە پاڵپشتی خۆی لە ژنانی مافخواز و مافی ژن بەرینتر بکات و لە هەمانکاتدا هیوادارە بە نەمانی ڕێژیمی دژ بە مافی ژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ژنان بتوانن بە مافەڕەواکانی خۆیان بگەن و ئەوەش ئەوە دەخوازێ کە ژنان لە ڕێکخراوەکانی تایبەت بە خۆیان و داکۆکی کاری مافەکانیان کۆ ببنەوە و هێز و تواناکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەسەر یەک بخەن.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارە**
**کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستنی ئێران**
**کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات**

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بو لاوانی کوردستان

لاوانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کورد

لە لایەن کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکرات کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە، سڵاوی گەرمی شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش دەکەین و ئاواتەخوازین لە بەرەنگاربوونەوەی زۆرداری و خەبات بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر سەرکەوتوو بن. کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پشتیوانی لە خەباتی لاوان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانتان دەکا و لەو پێناوەدا هاوپشت و هاوکارتان دەبێ. لاوان وەک هێزی بزوێنەر و بربڕەی پشتی خەبات دژی داگیرکاری بۆ بەدەست هێنانی مافە رەواکانیان، رۆلی سەرەکی لە گەشە و بەرەو پێش بردنی خەبات دەگێڕن. هەربۆیە خەباتی نەتەوەیی بە بێ بەشداری چالاکانەی لاوان بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکان ئەستەم دەبێ. لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین ئاستی خۆیدایە و نارەزایەتییەکانی خەڵک دژی ئەم ڕێژیمە پەرەی سەندووە، ئەرکی سەر شانی لاوان بۆ بەشداریی زیاتر لە خەباتی شار و شاخدا قورستر دەبێ و لاوان وەک بزوێنەری سەرەکیی خەبات دژی زوڵم و زۆرداری دەبنە کاتالیزۆری سەرخستنی خەبات لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان. هەر بۆیە ئێمە رۆڵی لاوان وەک هێزی سەرەکی بۆ گۆڕینی سیستمی چەقبەستوو و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سیستمێکی کراوە و دێموکراتیک بۆ دابین کردنی داهاتوویەکی گەش بەرز دەنرخێنین و لەو ڕاستایەدا کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان پشتیوانی خەباتی ئێوەیە و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازێت.

**کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن سڵاوی گەرمی گۆنگرەتان پێشکەش دەکەین.

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبەکەمان لەژێر ناوی کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژانی یەک تا چواری ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٦ پاش تاوتوێ کردن و خستنە بەر باسی چەندین بابەتی گرینگ، بە سەرکەوتوویی بەڕێوە چوو. لەو کۆنگرەیەدا زۆر بە گرینگی باس لە ڕۆڵی ئێوە لە پشتیوانیی حیزب و سەرخستنی جوڵانەوەکەمان کرا. ئاشکرایە کە هاوکاری و پاڵپشتیی ئێوە لە چەند دەیەی رابردوودا بەتایبەتی بۆ دابین کردنی هێزی مرۆیی و ماددی کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبووە.

بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، هێزی مرۆیی هەر ڕێکخراوێک بە فاکتەرێکی سەرەکیی سەرکەوتنی ئەو ڕێکخراوە هەژمار دەکرێت. دابین کردنی هێزی مرۆیی لێهاتوو و کارامە و پسپۆڕ لە هەموو بوارەکاندا، لە چوارچێوەی ئۆرگانیزاسیۆنێکی دوورە وڵاتی شۆڕشگێڕدا کارێکی ئەستەمە، بەڵام بە خۆشییەوە دەڵێین ئەو هێزە لە چوارچێوەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبدا وەکوو سەرمایەی حیزب چ لە نێوخۆ و چ لە کوردستانی باشوور و چ لە دەرەوە ئامادەیە و وجودی هەیە.

هەر بۆیەش ڕێکخستن و کەڵک وەرگرتن لە هزر و وزەی ئەو هێزە بە ڕەمزی سەرکەوتنی حیزب و شۆڕش دەزانین.

لەو سۆنگەیەوە لە لایەک کارکردن بۆ هێنانە ئارای میکانیزمێکی باش بۆ کاراکردنی ئەو هێزە مرۆییە گەورەی کە حیزبەکەمان بە هۆی پێگەی مێژوویی و دروستیی سیاسەتی ستراتێژیک و خۆشەویست بوونی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەیەتی، بە گرنگ دەزانین. لە لایەکی دیکەوە پاڵپشتیی ئێوە وەک هەمیشە و شێلگیرتر لە جاران لە هەموو بوارەکانی پێویست بۆ شۆڕش بە پێویستییەکی هەنووکەیی بۆ سەرخستنی بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزبەکەمان دەزانین.

کۆنگرەکەمان کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەنگاوێکی گرنگی بۆ گۆڕانکاری و پێش خستنی سەردەمیانەی حیزب هەڵگرتووە. لەو چوارچێوەدا بە گرنگییەکی زۆرەوە سەیری ڕۆڵی کارا و چالاکی ئێوە دەکرێت . جیا لە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە ئەرک و چالاکییەکاندا پێویستە حیزب لە ڕێنمایی و ڕەخنەی بە جێ لە چوارچێوەی میکانیزم و کاناڵی دیاریکراودا بێبەری نەکەن. وێڕای ئەو هەنگاوە لەم قۆناغە هەستیارەی ناوچەدا و بە سەرنجدان بە لوتکە گەیشتنی زوڵم و زۆری ڕێژیمی دیکتاتۆر کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان و داخوازی ڕەوا و بە حەقی نەتەوەکەمان پێویستی بە کار و تێکۆشانی هەموو لایەنەکانە و بە تایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەمان وەک سەرمایەی لەبڕان نەهاتووی حیزب هەیە.

هیوادارین هەموو لایەک بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە مرۆیی و نەتەوایەتی و حیزبییە کاریگەریی ڕاستەوخۆمان لە سەرخستنی شۆڕشەکەمان هەبێت.

**دیسان سڵاوی کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتتان ئاراستە دەکەین و هەر سەرکەوتوو بن.**

**سەرکەوی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەکەمان**

**کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بۆ خوێندکارانی مافویستی کورد

خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد!

سڵاوی خەبات و بەرخۆدانتان لێ بێت بە ناوی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سڵاوی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوە تێکۆشەرانی چاوکراوەی سەنگەری زانست و وشیاری دەکەین، ئێمە لە دووتوێی باسەکەماندا بە هەڵسەنگاندنی ورد و هەمەلایەنەی بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرنجی تایبەتمان خستە سەر تێکۆشانی مافخوازانەی خوێندکارانی دەروەستی وڵاتەکەمان کە وێڕای بەرگری لە شوناس و کەرامەتی نەتەوەکەیان لە نێو زانکۆکاندا، بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بۆ گەل و وڵاتەکەیان، خۆیان بە چەکی زانستی سەردەم تەیار دەکەن.

بێگومان توێژی خوێندکار و ئاکادێمیکی وڵاتەکەمان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرەوپێشبردنی شۆڕشی چاخی مۆدێرنی گەلی کورددا گێڕاوە و بە هێزی زانست و ئەزموونی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆیان پاشخانێکی دەوڵەمەندیان بۆ تەیارکردنی بزووتنەوەی کورد بە چەکی زانست و ڕووناکبیری وە سەر یەک ناوە کە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو کاروانەدا ناوی شەهیدانی هەمیشە ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەکوو دوو ئەستێرەی پرشنگدار تا هەتایە دەدرەوشێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی سەرتاسەری ئێران و لە نێو بزووتنەوە ئیعترازییەکانی ئەو وڵاتەدا وەک خەسڵەتی هەمیشەیی بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەکەیان، ڕۆڵی پێشەنگ و خەباتکاری ڕاستەقینە و لێبڕاویان گێڕاوە و بە شوناسی نەتەوەیی خۆیانەوە گیانێکی تازەیان بە بەر خەباتی گەلانی ئێراندا دژ بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری و ئاپارتایدی حاکم کردووە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە پێی باوەڕ و پرەنسیپەکانی خۆی هەردەم هاندەر و پاڵپشتی ئەوان لە داواکردنی مافە سینفی، مەدەنی و سیاسییەکانیاندا بووە.

هەر لە ڕاستای ئەو باوەڕ و پرەنسیپە نەتەوەییانەی خۆیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا قۆناغێکی نوێی لە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەست پێکردووە کە بە ڕاسان ناودێر کراوە و یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکەنی ئەم قۆناغە، بایەخدانی هەرچی زیاتر بە ڕۆڵی خەباتگێڕانی شار و پێویستی پتەوکردنی هاوپێوەندیی نێوان دوو جەمسەری شاخ و شار بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە گشتییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

هەر لەم پێوەندییەدا ئاشکرایە کە خوێندکاران وەکوو داینەمۆ و پێشەنگ و ڕێنوێنی چین و توێژەکانی دیکەی بەشدار لە خەباتی شاردا، پێگە و ڕۆڵێکی گرینگیان لە ستراتژیی لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار هەیە و بەشداریی چالاکانەی ئەوان لەو پرۆسەیەدا دەتوانێ هەرچی زیاتر لە سەرکەوتن نزیکمان بکاتەوە.

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرکەوتننتان لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی نەتەوە بە ئاوات دەخوازێ و سڵاو دەنێرێ بۆ هەموو ئەو خوێندکارە بەهەڵوێستانەی نەتەوەکەمان کە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بوێرانە بەرەنگاری سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێران بوونەتەوە و لێرەوە دەستی خەبات و تێکۆشانتان بە گەرمی دەگووشین.

**سەرکەوتن بۆ ئێوە و بۆ نەتەوەکەمان**

**کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

# پەیامی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

دۆستانی بەڕێز،

کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕۆژانی ١ تا ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی بەڕێوەچوو، وێڕای پێشکەش کردنی سڵاوێکی هاوخەباتییانە و ڕێزدانان بۆ تێکۆشانتان لەپێناو وەدیهاتنی دێموکراسی لە ئێران و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە تاوتوێ کردنی دۆخی ئێران و ئەو دەرفەت و هەڕەشانەی لەبەردەم خەباتی ڕەوامانـدان و ئەو تاقیکارییانەی کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە بەردەستدایە، یەکگرتوویی و تەبایی، هاوکاری و هاوهەنگاوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە پێویستییەکی گرینگ و شوێندانەر بۆ قۆستنەوە و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان یان خۆڕاگری و پووچەڵ کردنەوەی هەڕەشەکان دانا و بە ئەرکی هەموو لایەکی زانی کە لەو بارەوە هەنگاوی پێویست هەڵێنێتەوە و ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە هەموار بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەوە ئامادەیە هەموو هەوڵی خۆی زیاتر لە ڕابردوو وەگەڕ بخا بۆ ئەوەی هەنگاوە سەرەتاییەکانی تا ئێستامان بەرەو ئاقارێکی بەرینتر و بەهێزتر بەرێ، لەو پێوەندییەدا چاوەڕێی هاوکاریی هەمولایەکە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆنگرەی شازدە**

# «هوزمانەوەن»

# نمونەی بەرچاوی لە نێوبردنی سروشتی کوردستان



شەهرام میرزائی

پرۆسەی لەنێوبردنی کورد و کوردستان یەکێک لە ئاڵۆزترین پیلانە دژە مرۆییەکانی مێژووە کە بە ئەستەم دەتوانین وێنەی لە مێژووی ئیستعماری جیهاندا ببینینەوە. لەم پرۆسەیەدا، ژینۆسایدی کورد تەنیا بەشێک بووە کە زۆرترین ئاوڕی لێ دراوەتەوە و بەشەکانی دیکەی ئەم پیلانە شەیتانییە کەمتر بەرچاو بووە. ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی و لەنێوبردنی ژینگەی کوردستان دوو بەشی هەرە گرینگی دیکەی ئەم پیلانەن کە لە ڕاستای تەکمیلی ژینۆسایدی کورددا بەڕێوە چووە و دەچێ، بەڵام بە هۆکارگەلێک — کە لێرە جێگای باسی نییە- ئەو دوو بەشە لە لایەن چالاکانی کوردەوە کەمتر ئاوڕیان لێ دراوەتەوە و هەمیشە لە پەراوێزی خەباتی کورددا بووە.

بەڵام بەپێی ڕووداوە سیاسی-مەدەنییەکانی دوو دەیەی ڕابردوو، بە بێ‌دوودڵی دەتوانین بڵێین کە ئاوڕدانەوە لەو دوو بەشە و داڕشتنی بەرنامە بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتە فاشیستییەکانی داگیرکەرانی کوردستان لە بازنەی چالاکییە سیا سی - کۆ مە ڵا یە تییە کا نی کوردستان لە پەراوێزەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوەندی هزر و کرداری چالاکیی سیاسی-مەدەنی‌مان.

زاگرۆس لانکەی کوردستان و یەکەمین ژینگە و سەرەکیترین سەرچاوەی ژیانی کوردان بووە. لە لایەک یەکەمین شوێنی نیشتەجێ بوونی بەشەر دوای "چاخی سەهۆڵبەندان" زاگرۆس بووە و هەر لەم خاکەدا بوو کە بناغەی یەکەمین گوند و یەکەمین شاری جیهان بونیاد نرا، بۆیە کورد وەکوو دایکی نەتەوەکەی سەیری زاگرۆس دەکات و بە تەواوی خۆشی دەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە زاگرۆس بە باوەشێکی ئاوەڵەوە هەموو ئەو پێداویستییانەی کە کۆمەڵگایەک بۆ ژیان و گەشەسەندنی پێویستی پێیەتی بە دڵفراوانییەکی بێسنوورەوە پێشکەشی کوردی کردووە. لە سەرچاوە ئاوییەکان و کانگا گرینگەکانەوە بگرە هەتا بوونی سەدان سەرچاوەی خۆراکی، لە دارستانە بەڕووەکان و کێوە سەرکەشەکانییەوە بگرە هەتا دەشتە بەرفراوان و بەپیتەکانی. لە دونیای ئێمەدا کەمتر وڵاتێک هەیە کە هاوکات کۆی گشتیی ئەو سەرچاوانە کە زاگرۆس هەیەتی، هەیبێت و هەر ئەم تایبەتمەندییە لە سەردەمانی دەسپێکی مێژووەوە بووەتە هۆی هێرشی دەسەڵاتە بەهێزەکانی دراوسێمان و داگیرکردنی خاکی وڵاتمان. هێرشی ئاشوورییەکان، هەخامەنشییەکان، سەلجووقییەکان، سەفەوییەکان، عوسمانییەکان و ... بەشێک لە مێژووی داگیرکاریی کوردستانە کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

دوژمن بە پێچەوانەی ئێمە هەر لە سەرەتای داگیرکردنی وڵاتەکەمانەوە خوێندنەوەی باشی لە شادەماری ژیان و دونیای هزریی ئێمە هەبووە و هەیە، بۆیە هاوکات لەگەڵ ژینۆسایدی کورد دەستی لەسەر دوو شادەماری سەرەکی داناوە، "زاگرۆس" وەکوو هۆکاری سەرەکیی ژیانی و ئەوی دی "سیستمی هزری"مان وەکوو هۆکاری مانەوە و خۆڕاگریمان.

لەم کورتەباسەدا نامانهەوێ باسی "سیستمی هزریی" کورد بکەین، بەڵکوو ئامانج لەم نووسینە کورتە ئاماژەیەکە بە خاپوور کردنی ژینگەی زاگرۆس کە بە تەواوەتی لەو باوەڕەدام ئەم بەرنامەیە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی ژینۆساید و ئاسمیلاسیۆنی کوردە، بە واتایەکی دیکە لەنێوبردنی ژینگەی زاگرۆس لە لایەک پرۆسەی ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگیی کورد ڕوون دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەیشەوە تەواوکەری پرۆسەی ژینۆسایدی ئەم گەلەیە. باس لە پرۆسەی لەنێوبردنی زاگرۆس بە هۆی دوورودرێژیی مێژووی ئەو گەلە و هەروەها بەربڵاو بوونی پیلانەکە خۆی بە تەنیایی هەڵگری چەندها توێژینەوە و نووسینی کتێب و وتارە، بۆیە بۆ ئەوەیکە خوێنەری ئەم بابەتە هەم بە گشتی لە دۆخەکە تێبگات و هەم وەکوو نموونەیەکی تایبەت ئاوڕێکی ورد لە ناوچەیەک بدەینەوە، باسی پڕۆژەی "گواستنەوەی گازی عسلویە بۆ عێراق"مان هێناوەتە ئاراوە و بە چڕ بوونەوە لەسەر ناوچەی "هوزمانەوەن"ی کرماشان ویستوومانە ئەم باسە بەتەواوەتی شی بکەینەوە.

چی بووە؟؟

بەشێکی هەرە زۆری دارستانە بەڕووەکانی زاگرۆس لە سێ پارێزگای کرماشان، ئیلام و لوڕستان هەڵکەوتووە. ئەو جورە کە ڕاگەیەندراوە، ڕووبەری دارستانەکانی کرماشان ۸۲۲ هەزار هێکتاری چوارگۆشەیە کە لەم پانتاییەدا بە پێی وتەی "موراد شەیخ وەیسی" —بەرپرسی گشتیی سامانە سرووشتییەکانی کرماشان- ۱۵۰ هەزار هێکتاری لە ساڵی ۱۳۹٤ی هەتاوی وشک بوون و لەنێو چوون. لە شاری شائابادی کرماشان دۆخی داربەڕووەکان خراپترە، سەرەڕای ئەوەیکە ۳۳٪ی دارستانەکانی پارێزگای کرماشان لە شاری شائاباد هەڵکەوتووە و زۆرترین پانتایی دارستانەکانی کرماشان لەم شارەیە، زۆرترین وێرانکاریی و لەنێوبردنی داربەڕووەکانیش بەربینی ئەم بەشەی نیشتمانی گرتووە. هەر بە وتەی یەکێک لە بەرپرسانی حکوومەت، ساڵانە ۳۰ هەتا ٤۰ هێکتار تەنیا لە ڕێی یاسایی و گۆڕینیان بە زەویی کشتوکاڵی لەنێو دەچن. هەروەها بە پێی دوایەمین لێکۆڵینەوەکان ۳۳٪ی داربەڕووەکانی ئیلام بە تەواوەتی وشک هەڵگەڕاون، کە ڕاگەیاندنی ئەم ڕێژەیە کۆمەڵگای ژینگەپارێزی کوردستانی تاساندووە. ئامارە فەرمییەکان سەبارەت بەم کارەساتە زۆر و لەڕادەبەدەرن و هێنانیان لەم کورتەباسەدا پێویست نییە، بەڵام هەر بە ئاماژە کردن بەو کورتە داتایەی کە لە سەرەوە هاتووە، قووڵایی کارەساتەکە دیار دەکەوێ.

ئەگەر بمانهەوێ هۆکارەکانی لەنێوچوونی داربەڕووەکانی کوردستان بە دوو بەشی مرۆیی و سرووشتی دابەش بکەین، و لەم نێوانەدا هۆکاری سەرەکیی ئەم کارەساتە ڕوون بکەینەوە، دەتوانین ئاماژە بە وتەی پسپۆڕانی ژینگە لە ئێران بکەین کە بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان ۷۰٪ لە نێوچوونی ژینگەی زاگرۆس تەنیا هۆکاری مرۆیی هەیە نەک سروشتی، بە واتایەکی دیکە سێ لەسەر چواری دارستانەکانی زاگرۆس بە دەستی مرۆڤ لەنێو دەچێ و ئەمە سەرەکیترین و گرینگترین خاڵی باسەکەمانە.

کاتێک ئێمە دەڵێین حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە بەرنامەیەکی داڕێژراو، سەرەکیترین سەرچاوەی ژیانی نەتەوەی کوردیان کردووەتە ئامانجی هێرشەکەیان، تەنیا لە ڕووی هەستی خۆشەویستی خاک و کوردبوونەوە نییە، بەڵکوو لەم ڕاستایەدا بەڵگە ئەوەندە زۆرە کە تەنیا لێکوڵینەوەیەکی کورت دەتوانێ زۆر شت ڕوون بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە لەم بوارەشدا ئێمەی کورد کەمکارییەکی ئێجگار زۆرمان کردووە.

ئێرانییەکان بە بیانووگەلی جۆراوجۆر و جیاواز هەتا ئێستا توانیویانە هێدی هێدی دەماری ژیانی کوردستان ببڕن. کێشانی لولەی گاز لە نێو دارستانەکانی کوردستانەوە، یەکێک لە پیلانەکانی فاشیزمی ئێرانە کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بەم بیانوویەوە توانیویانە بەشێکی زۆر لە پانتایی دارستانەکان لەنێو ببەن. لەم ڕاستایەدا پرۆژەی "گواستنەوەی گازی عەسەلویە بۆ عێراق" کە هێڵی لولەی گازەکە لە نێو دارستانە بەڕووەکانی زاگرۆسەوە تێدەپەڕێ، یەکێک لەو پیلانە حکوومەتییانە دژ بە ژینگەی زاگرۆسە کە زۆرترین خساری بە بەڕووەکانی ناوچەی "هوزمانەوەن"ی کرماشان گەیاندووە. لەم پرۆژەیەدا پانتایی جێگای لوولەکان ٦۰میتر و قووڵاییەکەی ۱٦ میترە، کە ئەم قیاسە بە تەواوی نازانستی و سەرسووڕهێنەرە. ئەم پرۆژە کە لە ساڵی ۹۲دا لە ناوچەکە دەستی پێکردووە، سیمای ژینگەی کوردستانی بە تایبەت لە ناوچەی "هوزمانەوەن" تێکداوە و بێجگە لەمەیش خەسارێکی ئێجگار زۆری بە دار بەڕووەکان گەیاندووە و ڕێژەیەکی زۆریان بڕیاون. "فائۆ" —ڕێکخراوی جیهانی خۆراک - بایەخی ئێکۆلۆژیکی هەر دار بەڕوویەکی بە ۲۰۰ دۆلار خەمڵاندووە و هەر لەم بەستێنەشدا "سەعید سولەیمانی" —بەرپرسی ڕێکخراوی "هیلو"- لە وتووێژێکدا دەڵێ: بە پێی لێکۆڵینەوەکان هەتا ئێستا ۱۰هەزار داربەڕوو بە بیانووی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆژەیە بڕدراونەتەوە و ژینگەی ئەم ناوچەیە ۱٤هەزار میلیارد تمەن زەرەری پێ گەیشتووە.

لە ماوەی ٤ساڵی ڕابردوودا ڕێکخراوە ژینگە پارێزەکانی ناوچە چەندین جار بە نووسینی نامە و ڕێکخستنی خۆپیشاندان هەوڵیان داوە کە پێش بەم وێرانکارییانە بگرن کە لە لایەک بە هۆی ئەوەیکە ئەو هەوڵانە چڕوپڕ نەبوونە و لە لایەکی دیکەیشەوە گشتگیر نەبووە، نەیتوانیوە پێش بەو پرۆژەیە بگرێ. یەکێک لە هۆکارەکانی وەڵامدەر نەبوونی ئەو نارەزایەتییانە ئاگا نەبوونی خەڵک بە گشتی لە زەرەر و زیانە بێ‌وێنەکانی ئەو پرۆژەیە و چالاکانی ژینگەپارێزیش لەو بوارەدا زۆر کەمکارییان کردووە و نەیانتوانیوە سەرنجی خەڵک بەرەو ئەو بابەتە ڕاکێشن. لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردیش نە بەرنامەیەکی ڕوونیان بۆ ئەم کارەساتە هەیە و نە هەوڵ بۆ کەڵکوەرگرتن لەم بارودۆخە ئەدەن، کاتێک هێزێکی سیاسی بۆ بابەتێک، هەڵوێستی نەبێ، بێشک کردەوەکانی تەنیا "کاردانەوەیی" و "کاتی" دەبێ، بۆیە ناتوانێت کەڵکی لێوەرگرێ و ئەویش بابەتێکی زۆر گرینگ و حەیاتی وەکوو ژینگەی کوردستان.

دەبێ چی بکەین؟؟!!

لە هەر خۆڕاگری و شۆڕشێکی نەتەوەییدا ئەرکەکان بەسەر ئاستی بەرپرسایەتییەکاندا دابەش دەبن و هەروەها ئاستی ئاگایی بە نیسبەت بابەتە ئاڵۆزەکان و پیلانە دژە نەتەوەییەکان، خۆی هۆکارێکی زۆر گرینگ لە دەسپێکی هەر جووڵە و چالاکییەکی نارەزایەتییە. یەکێک لە کێشە هەرە گرینگەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بە تایبەت لە خوارێی نیشتمان، بوونی جۆرێک لە ئاگاییە کە دەتوانین ناوی بنینە "ئاگایی پێچەوانە". لەم حاڵەتە دەروونییەدا تاک و کۆمەڵگا بە بێ ئەوەیکە بزانێ تووشی نائاگاییە، بە واتایەکی دیکە ئەو شتانە کە تاک و کۆمەڵگا بە ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێناسەیان دەکات، تەنیا درۆیەکی نێوبەتاڵە کە حکوومەت و بیری زاڵی داگیرکەر لە ڕێگای سیستمی پەروەردە و ڕاگەیاندنێکی بە هێز و بورۆکراسییەکی ئیستعماری، وەکوو ڕاستی و حەقیقەت دەیداتە دەرخواردی خەڵک. لە پارێزگاکانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە هۆی بەڕێوەچوونی چڕوپڕی پرۆسەی ئاسمیلاسیۆن و هەروەها حوزووری حیزبە ناوەندگەرا و پانئیرانیستەکان بە درێژایی یەک سەدەی پێشوو و لە هەموو گرینگتر بەرتەسک بوونی چالاکییەکانی پارتە کوردییەکان لەم ناوچانەدا، ئێمە شاهێدی شکڵ گرتنی "ئاگایی پێچەوانە" لەم بەشەی کوردستانین، کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو لە زەین و بیری بیرمەندان و خەڵکی ئاساییدا چەقی بەستووە. دوای شەڕی ئێران و عێراق و شکڵ گرتنی چینێکی خوێندکار و ڕۆشنبیر کە لە بازنەی بزاڤی کوردیدا خۆیان پێناسە دەکرد، بزووتنەوەیەک دژ بەو "ئاگایی پێچەوانە"یە هاتە ئاراوە کە هەتا ئێستاش هەم پەرەی سەندووە و هەمیش بەربڵاوتر بووە، بەڵام نەبووەتە بزاڤێکی گشتگیر، کە وابوو دەبێ چی بکەین؟؟!!

زاگرۆس و مەترسیی لە نێوچوونی ژینگەی نیشتمانمان تەنیا بابەتێکی تایبەت بە ناوچەیەک نییە، بەڵکوو کێشەیەکی نەتەوەیی بە درێژایی خودی زاگرۆسە. لێرەدا دەتوانین پلانەکان بەسەر دوو مێحوەری سەرەکیدا دابەش بکەین:

ئا) چڕ بوونەوە لەسەر بڵاوکردنەوەی ئاگایی لەسەر سیستمێکی مودێڕن و پلان بۆداڕێژراو.

ب) ڕێکخستنی چالاکییە ئێعترازییەکان بە شێوەی گشتی؛ هەتاکوو خەڵک ئاگا نەبن و هەست بە مەترسی نەکەن، ناتوانین چالاکییەکی نارەزایەتی ڕێک بخەین. ئاگاکردنی خەڵک پێویستی بە پلانێکی چڕوپڕ و پسپۆڕانە هەیە کە هەموو هەلومەرجە دەروونی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەنووکەیی و پێشووەکانی ناوچەکە لەبەرچاو بگرێ و بتوانێ بە لێدوانێکی ئاکادمیک و پسپۆڕانە ڕێگاچارە پێشکەش بکات. لێرە ئەرکی چالاکانی سیاسی-مەدەنی نێوخۆ و پارتە سیاسییەکان وەکوو دوو بەشی کۆمەڵگای سیاسی-مەدەنی، بە هۆی بەرزبوونی ئاستی بەرپرسایەتییان زەقتر و بەرچاوترە.

# کۆڵبەر یان کۆڵنەدەر



موکریان

له کوردستانی بەڵالێدراو له سایەی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئاخوندی، دابین کردنی نانی ڕۆژانه بۆ ژیانێکی نەمرونەژی بۆتە هونەرێکی گەورە، جا ئەگەر له ڕێگای شەرافەتمەندانه و دوور لە ئیشی دزێو و خراپ بێت وەکوو موعجیزەی سەردەم سەیری دەکرێت .

له بنەڕەتدا باس کردن له دیاردەیەکی وەکوو کۆڵبەری و ئەژمار کردنی وەک پیشەیەک بۆ مرۆڤ بۆ پەیداکردنی نان وەکوو سەرەتاییترین پێداویستی ژیان کارێکی هەڵەیە، له بنەڕەتدا تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە کۆڵبەری ئازادە و ڕێژیمیش هیچ گرفتێک بۆ کۆڵبەران دروست ناکات دەبێ خەباتی ئێمە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە چڕ ببێتەوە و هاواری ئێمه بۆ بە ئینسان سەیرکردنی هەموو ئەو کەسانە بێت کە لە سایەی ڕێژیمی ئیسلامیدا دەچەوسێنەوە .

لە بنەڕەتدا بۆچی ڕێژیم هەوڵ دەدا خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بچەوسێنێتەوە و برسیان ڕا بگرێ؟

بە کەمێک تێفکرین وڵامی پرسیارەکە بە ساناییەوە دەس دەکەوێت: ڕێژیمێکی کۆنەپەرەستی وەکوو ڕێژیمی ئێران کە پێکهاتەی دەوڵەتەکەی لە کۆمەڵێک خەڵکی نەخوێندەوار و چاوچنۆک، دواکەوتوو لە بواری فیکری، ڕزیو لە بواری کۆمەڵایەتی و خەڵک نەویست پێک دەهێنێت و هەڵبژاردن و دانانی زۆربە ی هەرەزۆری ئەو هەیکەلە ئیداری و ئیجراییە لە دەستی خە ڵکدا نییە و بەگشتی لەلایەن دەسەڵاتی ڕێژیمەوە دادەندرێن و تەنانەت ئەگەر جارێکیش لە جاران کەسایەتییەک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت و بنێردرێتە پارلمان یان شوێنێکی تری ئیدارەی ڕێژیم، خۆی لە خۆیدا هیچ دەسەڵاتێکی نابێ و تەنیا بۆ فریودان و ڕازی کردنی ڕای گشتی خەڵکە و بەڕواڵەت بە دونیا نیشان دەدەن کە گۆیا ئێران وڵاتی دامەزراوەیی و هەڵبژاردنە و خەڵک لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان وڵات بەڕێوە دەبەن، بەڵام واقیعی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان دەربڕی ئەوەیە کە بەڕاستی و سەتاسەد خە ڵک و دەسەڵات لە یەکتر نامۆن و بەڵکوو ڕێژیم لە دژی بەرژەوەندی خەڵکی ئێران و کوردستان ڕاوەستاوە و زۆرتر لە داگیرکەرێکی بێ بەزەیی دەچێت کە بۆ ماوەیەکی کاتی هاتووە و دەیهەوێت سامانی وڵات بە تاڵان بەرێت.

ئە وەیکە لە گۆشە و کەناری وڵاتدا هێندێک خەمخۆری لەلایەن خەڵک یان خەڵکانێکدا دەبیندرێ یان هێندێک پێشکەوتن لە چەند بواری جیاجیادا دێتە ئاراوە، ئەوە هیممەت و بەرخۆدانی خەڵکە لە بەرامبەر کۆنەپەرەستی ڕێژیم و بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ڕێژیمەوە نییە .

بۆیە زۆر ئاساییە دەسەڵاتێکی دواکەوتوو لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری قەت نایهەوێ خەڵکێکی زیرەک و خاوەن بیرۆکەی باش و توانا لە بواری ئابووری، سیاسی و هتد.... بێتە سەر کار و دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت یان ڕێژیم بۆ خۆی بیانهێنێتە سەر کار، چونکە ڕوون و ئاشکرایە هزری کۆن و دواکەوتوو ناتوانێت لە دەسەڵاتداری بە سەر هزری نوێ و گەشەسەندوودا بەردەوام بێ.

بە تێڕوانین لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێژیمە، یەکێک لە دواکەوتووترین و کۆنەپەرەستترین و درندەترین دەسەڵاتەکانی دونیایە کە بەشەر لە مێژووی خۆیدا بینویەتی، کە بە ناوی دین مەشروعییەت بە هەموو تایبەتمەندییە دژی ئینسانییەکانی خۆی دەدات.

بۆیە ئەگەر لە چەند وڵاتی دواکەوتووی دیکەدا مافیای ئابووری یان سیاسی دەبیندرێ لە ڕێژیمی ئیسلامیدا مافیای دینی و مەزهەبیش هەیە و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هێندیک خەڵک ئاگاهانە یان نائاگاهانە کەوتوونەتە تیجارەتی کڕین و فرۆشتنی دین و ئایین، ڕێژیمیش بەڕێخۆشکردن بۆ ئەو فکرە بەردەوامی بە دەسەڵاتی نگریسی خۆی دەدات و هەر کەس و لایەن یان نەتەوەیەک لە دژی ئەو فکر و شێوازە لە حکومەت بوەستێتەوە بە توندترین و دڕندەترین شێوە سزای دەدات.

بەڵام بۆچی وا لە نەتەوەی کورد بە ڕقداچووە و زەخت و گوشارەکان لە سەر کوردستان چەندین قات زیاترە و تەنانەت هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی ژیانیش لەگ ڵ ڕووبەڕوو بوونەوە و ئاستەنگ بەرەوڕوو دەبێت وە بۆچی نەتەوەی کورد بە گشتی وا کەوتۆتە بەر تەوژمی توندوتیژی و ڕقوقینی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران؟

دیسان وڵامی پرسیارەکە زۆر بە سانایی:

نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو سەلماندووی تی کە ئازادیخوازە و مەیلی بۆ بەرەو پێشەوەچوون هەیە و بڕوای بە فەرزکردنی هیچ نەتەوە و ئایینێک بە سەر گەلانی دیکەدا نییە و باوەڕی بە دێموکراتییەت و مافی ئینسان هەیە و ئەوەندەی بۆ کرابێ و گونجابێ بەرامبەری کۆنەپەرەستی و زوڵم وەستاوەتەوە .

هەر بەو تەبیعەتە، ڕێژیمی ئیسلامیش لە ڕوانگە ی نەتەوەی کورد ڕێژیمێکی کۆنەپەرەست و دواکەوتوو و داگیرکەرە، بۆیە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان(کە ئاخوندەکان بە کەڵکوەرگرتن لە دین و بە یارمەتی دەستی دەرەکی توانیان دەست بە سەر بەرهەمی خەباتی خەڵکی ئێراندا بگرن) لە دژی سیستمی کۆماری ئیسلامی وەستایەوە و بەشداری لە گشتپرسی مەشروعیەت بە کۆماری ئیسلامی نەکرد و پێیان وابوو کە ئەم جۆرە پێناسەیە بۆ دەسەڵاتداری وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایینی وەکوو ئێران هەڵەیە و ڕێ بۆ دیکتاتۆرییەتێکی دیکە خۆش دەکات و دەبێتە هۆی چەوسانەوەی خەڵکی جیابیر و پێشکەوتوو.

بۆیە ڕقی ڕێژیمی ئیسلامی لە گەلی کورد هەتا ئێستاش بەردەوامە، له لایەکی دیکەوە خەڵکی کوردستان سەلماندویانە کە سەرەڕای هەموو چەوساندنەوەیەک دیسان مل بۆ کۆنەپەرەستی و دواکەوتویی ڕێژیمی ئیسلامی و هیچ ڕێژیمێکی تر نەوی ناکەن .

لە ماوەی چل ساڵ داگیرکاری، ڕێژیمی ئێران نەیتوانیوە لە بواری فیکری و ئیدئۆلۆژییەوە جێی خۆی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بکاتەوە و خەڵکی کوردستان بە هزری ئازادیخوازی و بەرخۆدان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەردەم دژ بە دەسەڵاتی ڕێژیم وەستاونەتەوە، تەنانەت نەوەی نوێی کوردستان کە زۆرێک لە تاوانەکانی ڕێژیمی لە ساڵانی پێشدا( وەکوو هێرشی سەر کوردستان بە فتوای دینی، سوتاندن و تاڵانی شار و گوندەکان، کوشتوبڕی خەڵکی سڤیل و مەدەنی و.....) وە زۆر شتی لەو وێنەیەی بەچاو نەدیتووە بەڵام دیسان حازر نییە بە چۆکدابێ و سوورە لە سەر داوا و حەقی ڕەوای خۆی.

کۆڵبەرێک کە حازرە لە شاخ و کێوەکان لەژێر تەوژمی سەرما و سۆڵی بەفر و بەستەڵەکی کوێستانەکاندا بە ڕێگەی سەخت و هەڵدێردا بۆ پەیداکردنی نانێکی شەرافەتمەندانە گیانی خۆی بخاتە مەترسی و بمرێ، بەڵام حازر نییە قبوڵی هزری دواکەوتووی ڕێژیم بکات کە ڕەنگە بە بوونە بەسیج و جاش ژیانی تەواو بگۆڕدرێ، بەڵام مردن هەڵدەبژێرێ ئەمما ناچێتە بن باری هزری دواکەوتویی .

ڕۆژانە دەبینین چەندەها گەنج و پیر لە ڕێگەی بە دەستهێنانی نان، ژیان دەبەخشن و شەهیدی ڕێگای سەربەست بوون دەبن، بۆیە بەڕاستی ئەو بیرە کە ڕێژیمی هەراسان کردووە و تۆقاندوویەتی و بە هەموو شێوەیەک دەیهەوێ زەخت و گوشاری زۆرتر بخاتە سەر خەڵکی کوردستان و داخستنی ڕێگە کۆڵبەرییە کانی سەر سنوورەکان لە ڕاستای ئەم سیاسەتەیە.

بەڕاستی دەبێ سەری حورمەت و کڕنۆش بۆ هەموو ئەو کەسانە دانێین کە ئاوا خۆڕاگر لە بەرامبەر ڕێژیمدا وەستاونەتەوە.

بەڕاستی ئەوانە کۆڵبەر نین بەڵکوو کۆڵنەدەرن و بەشێکن لە گەلی کوردستان کە ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە کە لە پشت ئەو ئیرادەیە فکرێکی قووڵی لە بن نەهاتوو بوونی هەیە کە لە تایبەتمەندییەکانی گەلی کوردە.

ڕێژیم لە ماوەی ٢٠ساڵ ڕاگرتنی خەباتی چەکداری فرسەتێکی باشی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە بەردەمدا بوو بەڵام بینیمان کە بوونی پێشمەرگە تەنیا بیانوویە و ئەو ڕێژیمە لە بنەڕەتدا باوەڕی بە چارەسەری کێشەی خەڵکی کورد بە هیچ شێوەیەک نییە .

تەنیا پاڵپشت و ئومێد و دڵگەرمی خەڵک حیزبەکانە بەڵام بە یەکگرتویی، ناوەندی هاوکاری هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان بە لێدوان و ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێت یارمەتیدەری کۆڵبەران بێت، بۆیە چاوی خەڵکی کوردستان لە هەماهەنگی زیاتری ئێوەی بەڕێزە.

## د.سەربەست نەبی:

# دەریای سپی بە هەناسەی ڕووسیە دەژمێردرێت



د.سەربەست نەبی

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئامریکا، فەڕانسە و بریتانیا ئۆپەراسیۆنێکیان لە دژی هەندێ پێگەی لەشکری ڕێژیمی سووریە ئەنجامدا. ئامانج و دیوە شاراوەکانی ئەو هێرشە، لێکەوتەکانی و کاریگەرییەکانی لە سەر هاوکێشەکان و بە تایبەتی پێگەی کورد، تەوەری گفتوگۆی ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستانە لە گەڵ د. سەربەست نەبی، ئاکادیمیسیەن و مامۆستای زانکۆی کۆیە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:

**وتوویژ: سەلیم زەنجیری**

**● د. سەربەست سەرەتا ئەو هێرشە چۆن لێک دەدەنەوە و ئامانجەکانی لە چیدا دەبینن؟**

لە دەسپێکدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو ئۆپەراسیۆنە هەم ئەجێندای سیاسی هەبوو هەم نیزامی و تەنیا پێوەندیی بە مەسەلەی کیمیاییەوە نەبوو. دوای شەڕی عەفرین و پاشەکشەی چەکدارە ئیسلامییەکانی نزیک لە تورکیە لە "غوتە" و سەرکەوتنی ئەجێندای "سووچی" و "ئاستانا" بە ڕێبەرایەتیی ئێران، ڕووسیا و تورکیە لە هەمبەر ئەجێندای "ژنێڤ" دا (چونکە مەبەست لە پێکهاتنی لووتکەی "ئاستانا" لەگۆڕنانی ژنێڤ بوو)، ڕۆژئاواش هەوڵیدا بەم ئۆپەراسیۆنە نیشان بدا کە چارەسەری کێشەی سووریە هەر "ژنێڤ"ە و هیچ لایەک بە تەنیا ناتوانێ سووریا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. لایەنێکی دیکەی ئەو هێرشە، لایەنی پرۆپاگەندەیی، تێکنۆلۆژی و نیزامیی بوو کە هەڵگری پەیامێک بۆ ڕووسیا بوو، چوونکە ڕووسیا لەم ماوەیەی دواییدا لە بواری تێکنۆلۆژیی نیزامی، مووشەک و فڕۆکەی شەڕکەرەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و وا نیشان دەدات کە ئەوان خاوەنی دەریای "سپی" ن ، بۆیە ئەو پرۆپاگەندە و هێرشەی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر سووریە، هەڵگری هەمان پەیام بۆ ڕووسیا بوو.

**● بۆچی لەدوای حەوت ساڵ شەڕ و کوشتار و جینایەت لە سووریە، ئێستاش گۆڕینی ڕێژیمی ئەسەد لە بەرنامەدا نییە؟**

سووریا گەیشتە قۆناغێک کە تورکیەش دەخالەتی لە سووریەدا کرد و ئۆپۆزیسیۆنی سووریەش بە تایبەت ئیسلامییەکان هیچ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ گۆڕانکاریی دێمۆکراتیک لە سووریەدا نەبوو، و بە گەشەکردنی داعش لە هەر دوو وڵاتی سووریا و عێراقدا، هەڕەشە و نائارامی ڕووی لە ئەورووپا کرد، بۆیە پلانی گۆڕینی ڕێژیمی سووریە وەدوا کەوت و ڕۆژئاواییەکان بە ڕووسیایان ڕاگەیاند کە ئامانجیان گۆڕینی ئەسەد نییە، تەنانەت پێدەچێت کە ڕێککەوتنێکیش لەو بوارەوە لە نێوانیاندا هەبێت کە ئەسەد خەمی یەکەمیان نەبێت، چونکە گۆڕینی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، خەمی ژنێڤ بوو نەک ئاستانا و سووچی.

**● کەواتە دەتوانین بڵێین سووریا بووەتە مەیدانێک بۆ ڕمبازێن و کێبەرکێی زلهێزەکان و بەرژەوەندییەکانیان؟**

بەڵێ ڕاست وایە، لەبەر گرینگی پێگە و جیۆسیاسیی سووریا هەموویان تێیدا کۆبوونەتەوە و هەر یەکەیان هەوڵ دەدات هێزی خۆی لە بەرانبەر ئەویتریاندا بەهێزتر بکات و لە ئاستی تێکنۆلۆژیدا پەیام بە یەکتر دەدەن، بۆیە ئەگەر شەڕێک ڕوو بدات، شەڕێکی کلاسیکی نابێت و کەمتر نابێت لە شەڕی ناوکی، ئەمە بەو واتایە نییە کە شەڕی ناوکی ڕوو دەدات، چوونکە لە شەڕی ناوکیدا کەس سەرکەوتوو نابێ بەڵام لەو قۆناغەدا، ئەوان تێکنۆلۆژیای شەڕی خۆیان پێش خستووە کە ئاسەوارەکانی لە بواری کاولکاری، کوشتن و وێرانکاریدا کەمتر لە هی ناوکی نییە.

**● بیانووی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بوو لە لایەن ڕێژیمی بەشار ئەسەدەوە، لە حالێکدا ساڵی ٢٠١٤ ڕاگەیەنرا کە ڕێژیمی ئەسەد لە چەکی کیمیایی ڕامالڕاوە! دوای چوار ساڵ ئەمە چی دەگەیەنێ؟**

مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هەتا ئێستاش لە لایەن هیچ دەزگا و ناوەندێکی نێودەوڵەتیی بێلایەنەوە پشتراست نەکراوە؛ چونکە تورکیەش ساڵی ٢٠١٣ گازی سارینی بە جەبهەتولنەسرە و هێزە ڕادیکاڵ و تاوانبارەکانی داوە و ئەوانیش بۆ خۆیان دروستیان کردووە. لە ڕاستیدا من گومانم هەیە کە بەشار ئەسەد ئەم کارەی کردبێ، لەبەر ئەوەیکە "دوما" کەوتووەتە دەست ئەسەد و لەو کات و قۆناغە هەستیارەدا پێویستی بەوە نەبوو کە ئەم کارە بکات، بۆیە ئەگەر لە شوێنێکی دیکە بوایە، ڕەنگە بەکاری هێنابا، بەڵام بۆچی لەوێ بەکارهاتووە، من تێناگەم! من پێم وایە ئەوە تەنیا بیانوویەک بوو بۆ هێرشەکە، بەڵام ئەوەیکە ئامانجیان پێکا یان نا، ئەوە جارێ دەمێنێت.

**● من دەپرسم کە ئایا ئامانجیان پێکا یان تا ئێستا سەرکەوتووی ئەو شەڕ و ململانێیەی سووریە کێ یان چ لایەنێکن؟**

بە بڕوای من سەرکەوتووی شەڕ و ململانێی سووریا تا ئێستا ئێران، ڕووسیا و تورکیەن، بەشار ئەسەدیش هەر لە جێی خۆی ماوەتەوە. تورکیە کە دەڵێت دەبێ ئەسەد لە سەر کار لابچێت، ڕاست ناکات. تورکیە وەکوو بازرگانی جوولەکەیە، ئەگەر ڕۆژی شەممە دژی بەرژەوەندی بازرگانیی ئەو بێت، کوفرە ڕۆژی شەممە بکات! چوونکە تا ئێستا پێوەندیی ئیستخباراتی و ژێربەژێری تورکیە و ئەسەد هەر وەک خۆی ماوەتەوە و بەردەوامە و هەر یەکەیان بە دەستی ئەویتریان کوردەکان لەناو دەبات.

لەبیرمان نەچێت کە دەریای سپی وەکوو دیواری مسکۆ وایە، ڕووسیا ئامادەیە کە شەڕێکی جیهانیشی بۆ بکات و ناهێڵێ کە بکەوێتە دەست ڕۆژئاواییەکان و ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، هەناسەی ڕووسیا دەبڕێت و ڕووسیا ناتوانێ هیچ کاریگەرییەک لە ئەورووپا بە تایبەت باشوورەکەیدا هەبێت، بۆیە دەریای سپی بە هەناسەی ڕووسیا دەژمێردرێت و هەر لە دەستیدا دەمێنێتەوە. هەڵبەت ئامریکاش ناکشێتەوە و ئەو کێشەیە هەر وا دەمێنێتەوە. بۆ ئاگاداریتان شەڕی جیهانی یەکەمیش لە سەر ئەو دەریایە کرا.

بە داخەوە تا ئێستا بەشار ئەسەد و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتوون و ئامریکا و هاوپەیمانەکانی تەنیا ویستیان بەوهێرشە قازانج و بەرژەوەندییەکانیان لە پڕۆسەی سیاسی سووریەدا مسۆگەر بکەن و ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی بێننە سەر ڕێی کۆبوونەوەی ژنێڤ، هەر چەند تا ئێستا لایەنەکان ئامادەییان دەرنەبڕیوە و هیچ شتێک دیار نییە، بەڵام ڕەنگە هەوڵدانێک هەبێ بۆ دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی نوێ بۆ گۆڕانکاریی سیاسیی سووریە لە دەرەوەی ژنێڤ و ئاستانە، و پێم وایە کە کاتی هاتووە.

**● تەئیدی ئەو هێرشە لە لایەن تورکیەوە چۆنی لێک دەدەن و ئەم هەڵوێستە چ کاریگەرییەکی دەبێت لە سەر هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی ئێران، ڕووسیا و تورکیەوە؟**

تورکیە هەڵوێستێکی دووڕوویانەی گرت و لە لایەکەوە ڕایگەیاند کە لە گەل هێرشەکەدان، لە لایەکی تریشەوە وتی کەس ناتوانێ درز بخاتە نێو هاوپەیمانێتی ئێمە و ڕووسیا، واتای ئەو هەڵوێست و پەیامە ئەوەیە دەیهەوێت کەڵک لە هەر دوو لا وەربگرێت. دژایەتی ئەسەد و ڕێژیمەکە لە لایەن تورکیەوە، تەنیا پڕۆپاگەندەیە وهەڵگری پەیامێکە بۆ جیهانی ئیسلامی و ڕای گشتی تورکیە و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دژی ئەسەد. تورکیە وادەردەخات کە هێشتاش دژی ئەسەد و ڕێژیمەکەیەتی، بەڵام لە ڕووی فێعلییەوە لەگەڵ ئەسەد و هاوپەیمانەکانیدایە و بە ڕادەیەک چووەتە پێشێ، کە توانای گەڕانەوە بۆ دواوەی نییە.

**● باشە چەندە دەتوانێ درێژە بەو یارییە دولایەنەیە بدات؟**

ئەردۆغان دەرحەق بە پرسی کورد فووبیایەکی هەیە و ئەوەشی نەشاردووەتەوە. لەو ماوەیەدا ئێران داوای لە تورکیە کرد کە هێزەکانی لە عەفرین بکشێنێتەوە و ڕادەستی حکوومەتی سووریە بکات، تورکیەش بە تەئیدی ئۆپەراسیۆنەکەی ئامریکا، پەیامێکی بۆ ئێران و ڕووسیا نارد کە ئێوەش پێویستیتان بە ئێمە هەیە و ئێمە بە ئاسانی دەتوانین پشتیوانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بکەین!

هەڵبەت ڕۆژئاوا باوەڕی بە تورکیە و ئەجێنداکانی لە سووریادا ناکات و دەزانن کە چەندە لە دامەزراندن و پشتیوانی کردنی گرووپە توندڕەو و تێرۆریستییەکانی سووریەدا ڕۆڵی هەیە، بۆیە پێم وانییە بتوانێ تا سەر درێژە بەو یارییەی خۆی بدات.

بەڵام خاڵێک هەیە کە پێوەندی بە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانەوە هەیە؛ لە سەرەتای شەڕی عەفرین، تورکیە ڕایگەیاند کە ئێمە عەفرین بۆ خاوەنە ئەسڵییەکەی دەگەڕێنینەوە! و ئێستا خەریکە دێمۆگرافییەکەی دەگۆڕێت. ئەردۆغان باس لە حەلەب، مووسڵ و کەرکووک دەکات کە بەشێک لە میساقی میللی تورکیەن و لە پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینیدا کەوتنە دەرەوەی تورکیە و لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینیدا ئەو پەیمانە کۆتایی پێ دێت و تورکیە مافی ئەوەی دەبێت کە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە و لە ئێستاوە لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە کار بۆ ئەوە دەکات کە بکاتە ئەمری واقیع. تورکیە ئێستا ٧٠هەزار بەڵگە و تاپۆی سەردەمی عوسمانییەکانی دەرهێناوە کە ئیددعای مالکییەتی ئەو زەوییانە دەکات و لە ئێستاوە جەرابلوس و دوردور و ... تەتریکی کردووە و ئاڵای خۆی تێدا هەڵداون و خستوونیەتی سەر ویلایەتی ئۆرفا و ڕێنمایی و هەنگاوی کردەیی بۆ ئەو ڕۆژە دەکات کە ڕابگەیەنێت ئەوانە سنووری تورکیەن.

بە گشتی ئەردۆغان هەوڵ دەدات کە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا بە سێ ئامانجی سەرەکیی خۆی بگات: یەکەم کاناڵی بوسفور و دەردەنیل بخاتە دەست تورکیە کە ئێستا نێودەوڵەتین و ڕووسیا تورکیەی بۆ ئەمە وەتەماح خستووە؛ دووهەم، لە خاکی باکووری کوردستاندا دەست بە دەرهێنانی نەوت و گاز بکات؛ سێهەم، ناوچەکانی حەلەب (کە عەفرینیش لە خۆ دەگرێت) مووسڵ و کەرکووکیش بخاتە سەر نەخشە و خەریتەی تورکیەوە.

**● بۆچی ئەو نارەزایەتییەی کە بۆ هێرشی ئامریکا لە سەر سووریە هەبوو، بۆ داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیەوە نەبوو. هۆکار؟**

مەسەلەی عەفرین جودایە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە؛ ئەجێندای سیاسیی گەورە لە پشت ئەو هێرشە هەبوو، بۆیە ئەورووپا ئامادە بوو هێرش بکات، بەڵام بۆ عەفرین نا.

ئێمەی کوردیش لە دۆخێکی خراپی ڕاگەیاندن و پرۆپاگەندەدا بووین و لە ئاستی ئەو شەڕ و هێرشەدا نەبووین. پرۆپاگەندەی تورکیە و قەتەر زۆر بوو، وڵاتێکی بچووکی وەکوو قەتەر، میلیارد دۆلاری بۆ پرۆپاگەندەی ئەو شەڕە تەرخان کردبوو کە کاریگەریی گەورەی خستە سەر شەڕەکە. ئەورووپاش لە بواری سیاسییەوە نەیویست لە سەر ئەو کێشەیە خۆی تووشی کێشەیەکی گەورەتر بکات، چونکە ئەردۆغان مەسەلەی پەنابەران هەمیشە وەکوو کارتێک لە دژیان بەکار دێنێ، بێجگە لەوەش پێوەندیی تێکۆشەران و شەڕڤانانی ڕۆژئاوا بە "پ ک ک" و پرۆپاگەندەی لەو بوارەدا ڕۆڵی خراپی هەبوو. بۆ نموونە وەزیری دەرەوەی هۆلەند لە سەر ئەو هێرشەی تورکیە ڕایگەیاند:"ئەو هێرشەی تورکیە زۆر خراپ و نارەوایە، بەڵام لە بیرمان نەچێت کە لایەنی بەرامبەریش فریشتە و مەلائیکە نین". بە ڕاستیش کورد لەوێ کەوتنە لاوازییەکی گەورەوە، پرۆپاگەندەی خۆیان لەژێر وتاری پ ک ک و دژایەتی ئیسلامیزمدا پەرە پێدا، کە ئەوەش تەئسیرێکی گەورەی لە بەرخۆدانی عەفرین و شەڕڤانانی کرد.

**● ئەگەر بێینە سەر ئێران، ئەو هێرشە چ پەیامێکی بۆ ئێران هەبوو وەکوو ئەکتەرێکی سەرەکی پشتیوانیی بەشار ئەسەد و تێرۆریزم لە ناوچەدا؟**

بێگومان بەشێکی پەیامی ئەو هێرشە ڕووی لە ئێران بوو کە دەبێ بزانێ نادرێت کە سووریە کونتڕۆڵ بکات یان بۆ داهاتووی سووریە، پێگەکەی بەهێزتر بکات. بێجگە لەوەش ئیسرائیل وەکوو پۆلیسی هەمیشەیی ڕۆژئاوا لە سووریەیە. ئیسرائیل هەر کات بیهەوێت دەتوانێ و توانیویەتی هێرش بکاتە سەر هێز و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لەو وڵاتەدا، تا ئێستاش چەند جار ئەم کارەی بکات؛ بۆیە دەبێ ئێران یان وتاری سیاسیی خۆی دەربارەی ئیسرائیل بگۆڕێت، یان بۆی ناچێتە سەر و تووشی کێشەی گەورەتر دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە پەیمانی شانگهای هەیە، کە بریتییە لە پرۆژەیەکی سیاسی و ئیدئۆلۆژی بە ناوی "ئوراسیا" کە لە ڕووسیا، ئێران، چین و تورکیە پێک دێت و ئەوان بە یەکەوە پرۆژەیەکی سیاسییان لە بەرانبەر ئەورووپا، ناتۆ و ئامریکا پێکهێناوە. ئەمەش بۆ ئەورووپا زۆر مەترسیدار، هێڵی سوورە و قابیلی قەبووڵ نییە و لە ئەگەری بەردەوامیدا، ڕەنگە ئەو پرۆژەیە سەری ئەردۆغان بخوات. چونکە ئەگەر چین بگاتە دەریای سپی و ئێستا کە ڕێی پێدراوە ٦٠ لە سەدی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی سووریە بە دەستەوە بگرێت، دەبێتە مەترسی بۆ ئەورووپا. هەر یەک لە ئێران و تورکیەش بۆ ئەوەیکە بەرژەوەندییەکانیان لە سووریەدا بپارێزن، لەوێدا تەحەممولی یەکتر دەکەن، بەو واتایە کە ئێران لە ڕێی عێراق و سووریەوە بگاتە دەریای سپی و لە بەرانبەردا ئێرانیش قەبووڵی کردووە کە باکووری سووریا و بەشێک لە کەرکووکیش بکەوێتە دەست تورکیە. ئەمە لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دژایەتیی توندیاندا دەرکەوت کە تا چ ڕادەیەک لە دژی خەون و بەرژەوەندیی کوردەکانن، بەڵام ئەوەیکە چەندە دەتوانن پێکەوە بحەوێنەوە و پاوانخوازییەکانی هەر دوو لا تا کوێ بڕ دەکات! مەسەلەیەکی ترە. چونکە تورکیە هەر کە دەچێت، سنووری دەسەڵاتداریی خۆی بەرەو ئێران زیاتر دەکات، بەڵام ئایا دەتوانن تا سەر باوەڕ بە یەکتر بکەن، من گومانم هەیە کە بتوانێ بەردەوام بێ و تەنیا مەسەلەی کورد ناتوانێ ئەو دوو وڵاتە داگیرکەرەی کورد بگەیەنێتە یەک.

**● بەم پێیە دوارۆژی سووریە چی بەسەر دێت؟ پێگەی کورد چی لێ دێت و ئەو هاوکێشانە چەندە بە قازانجی کوردی سووریە دەبن؟**

شەڕی سووریە هەر دەمێنێت و پێم وانییە بەم زووانە سووریە وەکوو دەوڵەت و کۆمەڵگاکەش وەکوو جڤاکێکی مەدەنی لێ بێت، بۆیە جارێ ئەم شەڕە لە نێوان خەڵک و ڕێژیمی سووریە و دەخاڵەتی وڵاتاندا هەر بەردەوام دەبێت. ئەگەر ئەو هێرشە جیددی بوایە، و هەر دوو وڵات تووشی شەڕ لەگەڵ یەکتر بوایەتن، ئەگەری ئەوە هەبوو کە سووریا ببێتە دوو بەش وەکوو کۆریا، بەڵام ڕەنگە چەند هێرشی هاوشێوە لە دوارۆژیشدا ڕوو بدەن، بۆ ئەوەیکە لایەنەکان یەکتر ناچار بە ڕێککەوتن بکەن. واتە لە سەر پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ گۆڕانکاری لە سووریەدا ڕێکبکەون.

بەداخەوە ئێمەی کورد تا ئێستاش خاوەنی بڕیارێکی کوردی سەربەخۆ نین. بەشێکیان، وتار و هەڵوێستیان خستووەتە خزمەت تورکیە و جەماعەتی فاشیستی مەزهەبی سووریە، لایەکی تریش کەوتوەتە ژێر کاریگەری و هێژموونی ئیدئۆلۆژییەکی سیاسیدا و ئامادەیە گەلی کورد و پرۆژەیەکی نەتەوەیی بکاتە قورباتی ئەو ئایدیایە. هەرچەند کە بەرخۆدانێکی مەزن و پیرۆز کرا، بەڵام لە بواری سیاسیدا نەیانتوانی گوتاری سیاسی و میدیایی خۆیان بگەیەننە ئەو ئاستە بەرزە کە ئەو شەڕە چەندە بۆ دوارۆژی کوردستانی ڕۆژئاوا و دۆزی کورد بە گشتی گرینگە. بەداخەوە نەدەبوو کە نەتەوە بکرێتە قوربانی ئیدئۆلۆژی، و مێژووش بکرێتە قوربانی درووشم و سێمبۆلی ئیدئۆلۆژی. شەڕی عەفرین دەریخست کە ئەو لایەنانە ئامادە نین بە شێوەیەکی ڕەخنەیی، پێداچوونەوەیەک بە خۆیاندا بکەن و ئەزموونی گشتیی ڕۆژئاوا بنرخێنن. هەر چەند ئێستاش درەنگ نەبووە و دەتوانن بە یەکەوە لە سەر یەک مێزهەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکان بدەن و قەناعەت بە جڤاکی نێودەوڵەتی بێنن کە ئەجێندایان جیاوازە لەگەڵ باکووری کوردستان و پرۆژەیەکی گۆڕانکاری، دێمۆکراتیک و مەدەنیان بۆ کوردستانی ڕۆژئاوا هەیە و دەتوانن پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ بەڵام بە داخەوە بڕیاری سیاسی ئەوان لە دەرەوەی کوردستانی سووریەیە، واتە کێشەی سەرەکیی ئێمەی کوردی ڕۆژئاوا، نەبوونی بڕیاری نەتەوەیی سەربەخۆی کوردی سووریایە.

# ئەدەبیاتی کوردی و کۆماری جیهانیی ئەدەبیات




ن: دکتور مەسعود بینەندە
و: گوڵباخ بەهرامی

بەشی یەکەم

مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی جیهانی لەلایەن پاسکال کازانۆڤا لە کتێبی کۆماری جیهانیی ئەدەبیات(ز١٣٩٢) سێ رەوتی فۆرم، گەشەسەندن و رەوتی کێبڕکێی نێودەوڵەتی لەخۆ گرتووە و هەر رەوتێکی لەگەڵ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زمانە رەسەنەکانی ئەورووپا لێکداوەتەوە و مانای کردۆتەوە.

هێژمۆنی زمانی لاتینی لە ئەورووپا- بە وتەی ئەندێرسۆن- پاش چەندین ساڵ لەگەڵ " شۆڕشی گشتیی زمان" و هەروەها شۆڕشی ئەدەبی_ زمانی (فیلۆلۆژیک) گەیشتە قۆناخێکی دیکە. ئەو زمانانەی کە لەدوای قۆناخی داگیرکاری لە ئەورووپا وەکوو بنەمای سەرەکی ئەدەبیاتی میللی، رۆڵێکی تایبەتیان گێڕا و هەروەها لە دروستبوونی دۆخێکی تەندروست لە کێبڕکێی ئەدەبیی نێودەوڵەتیش کاریگەرییەکی بەرچاویان دانابوو.

لەم نێوەندەدا، زمانی کوردی لە درێژەی پرۆسەیەکی مێژوویی و لە ئەنجامی رەوتی ئەدەبیسازی لە بارودۆخێکی ناوچەیی کە لەژێر دەسەڵات و حوکمی زمانەکانی باڵادەست وەک فارسی و عەرەبی و تورکی پێکهێنرابوو گەیشتە ئاستی زمانێکی ئەدەبی باڵا کە تیایدا بەرهەمە مێژوویی و بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی بەرگری وەک (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی خوڵقێندرا.

دەتوانین پێگەی ئەحمەدی خانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەراورد بکەین بە پێگەی شێعر لەسەردەمی (چاوسەر-١٣٤٣ز-١٤٠٠ز) لە زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان لە زمانی فەڕەنسی. خانی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لایەنە گشتییەکانی زمانی ناوچەیی و ئەدەبیاتی زارەکی کوردیی لە شێعرەکانیدا بەکارهێنا و بنەمایەکی بۆ دروستبوونی زمانێکی سەربەخۆی ئەدەبی پێکهێنا.

مەم و زینی ئەحمەدی خانی لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەڤدەی زایینی نە تەنیا شۆڕشێکی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیدا بوو کە تازە کەوتبووە سەرپێی خۆی، لە هەمانکاتدا بە بناغەدانەری دونیابینییەکی نوێ لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانیش هەژمار دەکرا.

مەم و زین، خاڵە گرنگەکانی سو بژ ێکتیڤیتە ی ( ئا ر ما نجی زەینی) نوێی هێنایە ئاراوە کە بە کەڵکوەرگرتن لە شۆڕشە ئەدەبی و فیلۆلۆژیکەکانی ئەورووپا( بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ) داوای بەفەرمی ناسینی شووناس و زمانێکی نوێی دەکرد کە بەرلەوە لە چوارچێوەی هێژمۆنی و کاریگەری زمانەکانی سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیدا، دەرفەتی گەشەکردنیان پەیدا نەکردبوو.

بە گشتی بەرهەمەکەی خانی رەنگدانەوەی سەردەمێک بوو کە هاوکات میرنشینە کوردییەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتورییەتی عوسمانیدا سەریان هەڵدابوو و لەگەڵ بەردەوامی دەسەڵاتی زمانەکانی دیکەش بەسەر زمانی کوردیدا، لە مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوکات، دەرفەتێک بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبیات بەگشتی و پرۆسەی ئەدەبیسازی لەو سەردەمەدا خولقابوو.

خانی لە بەرهەمە ناوازەکەیدا لە رووداوەکان و مێژوویی بوونی هێز و هێژمۆنی زمانەکان تێگەیشتووە و پەیوەندیی بەربڵاوی ئەو زمانانەی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی سەردەمی خۆیاندا بە باشی وێنا کردووە.

ئەحمەدی خانی دونیابینی عیرفانی لەگەڵ هێزی خەیاڵی ئەدەبی خۆیدا لێکداوە و بە شێوەیەکی تایبەت گەیشتبووە قۆناخێک لە (گنوستیسیزم - جۆرێک لە باوەڕی کۆنی عیرفانی)جیهانی. گنوستیسیزمێک کە باسی لە جۆراوجۆری بەستێنە جیهانییەکانی ئەدەبیات دەکرد و لەهەمان کاتیشدا بەردەوام بە هیوای پتەوکردنی هێزی میرنشینە کوردییەکان لە ئاستی ئیمپراتورییەتێکی کوردیدا بووە.

پاش دوو سەدە ئەگەرچی خولیاکەی خانی بۆ دروستکردنی ئیمپراتورییەتێکی کوردی یان دەوڵەتێکی کوردی نەهاتەدی، بەڵام زمانی کوردی قۆناخێکی گرنگی لە رەوتی ئەدەبیسازی و گەشەسەندنی زمانی ئەدەبیدا بڕیبوو.

بەشێوەیەک ئەو رەوتە بەبێ هێزی دەسەڵات و تەنیا لە رێگەی پشتبەستن بە هێزی وشەوە گەشەی سەندبوو، تا دواتر هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا لە سەدەی نۆزدەهەم (نالی ١٧٩٧ز-١٨٧٣ز) شاعرێکی خەڵکی سلێمانییەی باشووری کوردستان توانی بناغەکانی ئەو دەسەڵاتە ئەدەبییە سەربەخۆیە دابنێت.

دەتوانین بڵێین، ئەگەر مەم و زینی ئەحمەدی خانی بە پێگەی دیسکۆرسێکی ئەدەبی-سیاسیی هەژمار دەکرا کە هاوکات لەگەڵ دەسەڵات و هێزی میرنشینە کوردییەکانی ناوچەکەدا سەریهەڵدابوو، شۆڕشی شێعری نالی لە نەبوونی میرنشینە کاردییەکاندا سەریهەڵدا.

ژیانی ئەدەبیی نالی لە سەردەمی لێکترازانێکی مێژووییدا بوو کە لە درێژەیدا دەسەڵاتی ئیمپراتووریەتی عوسمانی و قاجارەکان، تۆماری ژیانی دوایین میرنشینە نیمچەسەربەخۆ کوردییەکانی هەڵپێچا و جوغرافیای سیاسیی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی لە چوارچێوەی ژێئۆپۆلتیکی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چەند رەهەندی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دارشتەوە.

گرنگیی نالی وەکوو کەسایەتییەکی ئەدەبیی، تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو سەردەمە مێژوویییە و گۆڕینی بە فۆڕمێکی جیاوازی ئەدەبی بوو.

نالی لە شێعردا جەختی لەسەر تاکەکەسیبوونی بەرهەمی ئەدەبی کردۆتەوە، جۆرێك لە بەرهەمی نوێ کە گەرەنتی بزووتنەوەی بنیاتنەرانەی خۆی لەبەرانبەر بەردەوامی فۆرمی ئەدەبی زارەکی لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش خۆیدا بکات کە لەڕاستیدا خاوەن پێگەیەکی جەماوەری و گشتیتر بوون.

نالی کە بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان، ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی خۆی لە دوورەوڵاتی و لە شاری ئیستەنبۆلی تورکیا بەسەردەبرد، رێبازی شێعری کلاسیکی کوردی لەسەر بنەمای رێبازی نوێگەرانەی خۆی واتە وشەی (نەبوون یان لادانی فۆرم) بنیات نا، بەپێچەوانەی ئەو رێباز و مەکتەبەی خانی کە لە شێعرەکانیدا بەکاری دەهێنا.

لە سەدەی بیستەم و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی رەوتی نوێبوونەوە لە شێعری تورکی و فارسی و عەرەبیدا، شێعری کوردیش بە هەوڵی شاعێرانی کوردی ئەو سەردەمە وەك گۆران و سوارە ئیلخانیزادە، توانی قۆناخەکانی مۆدێرنیتە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانی زمان و شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان ببڕێت و ئەو پڕۆسە بەربڵاوەی کە نالی بنیاتی نابوو لە ئاستی زمان و فۆرمی ئەدەبیدا پێش بخات و گەشەی پێبدات.

سوارە ئیلخانیزادە بەرهەمە ئەدەبییە مۆدێرنەکانی لە بواری شێعردا لە فەزای ئەدەبی ئێراندا کە ئەزموونی مۆدێرنیتەی بەهۆی شاعیرانی وەك نیمایوشیجەوە تێپەڕاندبوو، دەستپێکرد.

سوارەش هاوشێوەی نالی بەرهەمی لێکترازانی سەردەمێك بوو کە لەگەڵ رەوتی ناوەندگەرایی سەردەمی رەزاخان لە ئێراندا هاتبووە ئاراوە؛ هەر لەو سەردەمەدا بەشێك لە خەون و خولیای شاعێرانی دیکەی وەك خۆی، لەگەڵ ئاوابوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەناوچوون.

سوارە لەو راستییە تێگەیشتبوو کە هەرجۆرە نوێبوونەوەیەك لەو سەردەمەدا پێویستی بە ئەزموونی مۆدێرنیتە و پەرەسەندنی شارستانییەت لە کوردستانە. هەربۆیە لە ئەنجامی شکستی ئەو پڕۆسەیە و لە چوارچێوەی پڕۆژەی سیاسی ئۆتۆنۆمیدا، هەوڵیدا ئەو کەماسییە کە پەیوەندی بە بوارە جیاوازەکانی جیهانی راستەقینەوە هەبوو، لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نوێی ئەدەبیدا و لە بواری ژیانەوەیەکی جیهانی لە تێکستدا قەرەبوو بکاتەوە.

سوارە کە ئەزموونی ژیانی شارنشینی لە پێتەختی ئێران، لە دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ی هەتاویدا هەبوو، شێعری "شار"ی بە شێوەیەکی ناوازە نووسی کە دیارترین ئەزموونی سوارە بوو لە هێما و پێكهاتەکانی شارستانییەتێکی مۆدێرن، کە بووە یەکێك لە شاکارەکانیشی.

ئەزموونی مۆدێرنیتەی سوارە لە چوارچێوەی شێعری "شار"دا ئەزموونی لێکترازان و بەرەوپێشچوون بە ئاراستەی هێڵە سوورە سنووردارەکانە، کە لەلایەکەوە جیاوازییەکان و ئاڵۆزییە بەردەوامەکانی شار دەخاتەڕوو و لەلایەکی دیکەشەوە، ماندوو و بێهیوا لەو جیاوازییانە، پەنای بۆ فانتازیای پاستۆرالی ژیانی عەشیرەیی و ئارامی و هێمنی ژیانی سەردەمی پێش شارنشینی بردووە و ئاڵۆزی و شڵەژانەکانی مۆدێرنیزمی ناپێشکەوتووی تارانی پێتەختی لەسەر بنەمای پێكهاتەیەکی سۆسیالیستی لە زێدی خۆی و هیوایەك لەگەڵ بێهیوایی بە ئایدیای شۆڕشێکی تردا رەواندۆتەوە.

بێگومان ئەزموونی مۆدێڕنیتەی سوارە ئەزموونێکی "بودلەر"ی لە فۆرمێکی تایبەتی خۆیدایە.

بودلەر لە پاریس و لە سەدەی نۆزدەهەم، شاری خولیاکانی خۆی لە ئاڵۆزییەکی خێرای شەقامەکان و پڕەنسیپی رووخێنەری سەرمایەداری شاریدا وێنا کرد. لەلایەکی تریشەوە تراویلکەی ژیانی شارنشینی و پێکهاتەکانی بەلاوە باشتر بوو لە مەنگبوون و مانەوە لە ژیانی لادێی و پێکهاتە زیندوو و سروشتییەکانی. هەربۆیە بەهەشتی خولیاکانی بودلەر، بەهەشتێکی دەسکردی تێکەڵ بە شار لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانە بوو.

هەربۆیە ئەگەر پاریسی سەدەی نۆزدەهەم بۆ بودلەر و کەسانی هاوشێوەی، تا ئەو رادەیە چێژبەخش و سرنجراکێش بووە کە بووەتە هۆکاری تێڕوانینی جیاواز و داهێنانی هونەری بودلەر، مۆدێرنیزمی پێشنەکەوتووی تارانی دەیەی ٤٠ و ٥٠ی هەتاویی تارانیش بۆ سوارە کە لە فەزایەکی نیمەشارنشینیدا سەری هەڵدابوو لەگەڵ ئامانجە بەرابەریخوازانە سیاسییەکانی رووبەرووی هێزی بێگانەی سەرمایەداری جیهانی سێهەمی ببووەوە، ئەنجامێکی جگە لە پەراوێزکەوتن و لە کۆتاییشدا کاردانەوەیەکی نیمەپاستۆراڵی بۆ نەبوو.

هەرچەندە سوارە لە بەرانبەر ئەزموونە جیاوازەکانی شارنشینی وەکوو پێویست نەگەڕاوەتەوە بۆ ژیانی سادە و ساکاری لادێیی، بەڵکوو تێڕوانینەکانی خۆی لە ژیانی لادێیی کردووەتە ئەزموونێک بۆ رەخنەیەکی سوسیالیستی_ مائۆئیستی لە پیشەسازیگەرایی و ئەو دەرئەنجامانەی کە لەسەر کۆمەڵگای ئەوکات بەجێی هێشتبوو و لە کۆتاییدا توانی لێکگرێدانێکی پێکهاتەیی لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمێکی رزگارکەر و سۆسیالیزمێکی باوی لادێیی بەرهەم بهێنێت.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No:723 ▪ 20 April 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ۹۷ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.



**هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا دەسبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:**

ڕۆژی هەینی ۱۷ی خاکەلێوە، هێزە لیباس شەخسییەکان سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان چالاکێکی مەدەنیی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوی "شێرکۆ هورموزی" دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئەو ناوەندە ئیتلاعاتییە ڕاگواست.

حوکمی دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری شنۆ، بە ناوەکانی "کامران مووسازادە" کوڕی ئیسماعیل و "فەخرەدین ئاسریس" کوڕی عەلی کە لە دادگای سەرەتاییدا هەر کامەیان بە ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوون، لە دادگای پێداچوونەوە پارێزگای ورمێ کەم کرایەوە.

۱۸ی خاکەلێوە: چەکدارانی سپای پاسداران لە سنووری کرماشان و هەرێمی کوردستاندا دوو هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری کەلار سەر بە هەرێمی کوردستانیان کردە ئامانجی گوللە.

۲۱ی خاکەلێوە: ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای سنە، حەسەن ئەمینی سەرۆکی مەکتەب قورئان و مامۆستای ئایینیی سوننە مەزهەبیان بانگهێشت کرد و بە ناوبراویان ڕاگەیاندووە کە ئیزنی بەشداری لە دانیشتنی ساڵانەی دەرچووانی "دارالعلوم"ی زاهیدانی نییە.

۲۲ی خاکەلێوە: لاوێکی کورد، خەڵکی شاری شنۆ بە ناوی "فەخرەدین ئەحمەدیان" تەمەن ۲٤ ساڵ کوڕی ئەبووبەکر خەڵکی گوندی "دێگورجی" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا و لەگەڵ هێزە ئیتلاعاتییەکان تووشی شەڕ و کێشە بوو؛ دواتر بە دانانی بارمتەی ۱۰۰ میلیۆن تمەنی ئازاد کرا، لە پەیوەندیی لەگەڵ بەشەڕ هاتنی ناوبراو لەگەڵ هێزە ئیتلاعاتییەکان ۲۰ میلیۆن تمەن سزا دراوە.

۲۳ی خاکەلێوە: پەنابەرێکی کورد بە ناوی "سەید ئاکۆ پاداش" ۲۹ ساڵە کوڕی حوسێن خەڵکی شاری مەهاباد، لە لایەن چەند کەسێک لە دەستوپەیوەندییەکانی سپای پاسداران لە شاری وان هەوڵی ڕفاندنی درا.

"عێرفان ساعدپەنا"، خوێندکاری کارناسیی باڵا لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی "خوارزمی" تاران، دوای نزیکەی ۳۰ی ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی، پەیوەندییەکی کورتی تەلەفوونی لەگەڵ بنەماڵەکەی هەبووە و ئیزنی گرتنی پارێزەریشی نییە.

"محەممەد ئیبراهیمی" تەمەن ٥۰ ساڵ خەڵکی گوندی "کۆنەلاجان"ی شاری پیرانشار، لە زیندانی شاری نەغەدە چارەنووسی ناڕوونە و هەتا ئێستە ناوبراو دادگایی نەکراوە و چارەنووسی ناروونە.

لەلایەکی دیکەوە، دوو چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی شاری بۆکان بە ناوەکانی "حامید سپێهری و جەعفەر ئەمینی" پاش مانگێک لە دەسبەسەر کرانیان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان چارەنووسیان ناڕوونە.

هەروەها، زەینەب جەلالیان، زیندانی سیاسی کورد لە گرتووخانەی شاری خۆی پێی ناوەتە ۱۱هەمین ساڵی زیندانی کرانی و بە هۆی مانگرتن لە دەوا و دەرمان بۆ ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لە بارودۆخێکی نالەبار لە زینداندا ژیان بە سەر دەبات.

هاووڵاتییەکی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار، بە ناوی "ناسێح خالیدی" تەمەن ۳۰ ساڵ، پاش ۳ مانگ لە دەسبەسەرکرانی چارەنووسی ناڕوونە.

بەربوونەوە، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ۱۷ی خاکەلێوە، شەش کۆڵبەری کوردی خەڵکی پەسوێی شاری پیرانشار، لە کاتی کۆڵبەریی لە ناوچە سنوورییەکانی ئەو شارە، لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی چوار کەس لەو کۆڵبەرانە کە ئەندامی یەک بنەماڵە بوون، بە ناوەکانی "عەلی، محەممەد، ئیبراهیم و لوقمان قادری" ڕاگەیاندووە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۰ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "عەلی گوڵچینی" خەڵکی گوندی "کەڵەکین" ی شاری پیرانشار بە هۆی بەربوونەوە لە شاخی کانی خوا بریندار بوو.

چەند ڕۆژ پێش، ماشینی کاسبکارێکی کورد بە ناوی"ڕەحمان جەمشیدی" خەڵکی گوندی"سێفی سەروو" سەر بە شاری مەریوان پاش ڕادوونانی لەلایەن هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم لە ملەی "تەتە" وەرگەڕا کە لە ئەنجامدا ئەو کاسبکارە کوردە بە سەختی بریندار بوو.

**خۆکوژی لە کوردستان:**

ڕۆژی دووشەممە ۲۰ی خاکەلێوە، ژنێکی کورد، خەڵکی شاری سەردەشت بە ناوی "فاتمە.ج" لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە دەستی دایە خۆکوژی و گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی سێشەممە ۲۸ی خاکەلێوە، لاوێکی مەریوانی بە ناوی "دارا محەممەدی" تەمەن ۲۷ ساڵ، کوڕی ئەبووبەکر کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژنە هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری ورمێ، بەناوی گوڵێ حەلیمیان کچی عادڵ، لە لایەن مێردەکەیەوە بە ناوی فەهیم شێرزاد بە تەور هێرش کرایە سەری و بەو هۆیەوە گیانی لە دەست داوە.

**بریندار بوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران:**

ڕۆژی شەممە ۱۸ی خاکەلێوە، بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی، دوو کرێکاری کورد، لە شاری سنە بوونە قوربانی، کە یەکێکیان دەسبەجێ گیانی لە دەست داوە و ئەوەی دیکەشیان بە توندی بریندار بووە.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری سنە، شوناسی ئەو دوو کرێکارە کوردەی بە ناوەکانی "نەوید محەممەدی" تەمەن ۲۸ ساڵ و "ئیسماعیل زەندی" ڕاگەیاندووە.

۲۸ی خاکەلێوە، جووتیارێکی کورد، لە کاتی کارکردن و پڕکردنی تانکری سەمپاشی گیانی لە دەست دا؛ شوناسی ئەو جووتیارە کوردە، بە ناوی "زوبەید عەزیزی"، تەمەن ۳۷ ساڵ خەڵکی گوندی "نەرگی" ناوچەی مەرگەوەڕ ڕاگەیەندراوە.

**تەقینەوەی مین:**

سەربازێکی کورد بە ناوی "عەلی مەحموودی" کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی "دربکە"ی شاری پیرانشار بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکان لە شاری قەسری‌شیرین گیانی لە دەست دا.

ئەم ڕاپۆرتە بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ئامادە کراوە

## سمکۆ خلقەتی چاوەڕوانیی ئازادیی مەرجدار دەکات



سمکۆ خلقەتی زیندانیی سیاسیی کورد، لە زیندانی ناوەندیی تەبەس لە پارێزگای خوراسانی باشوور، لە چاوەڕوانی ئازادکردنی مەرجدارە.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردووەتەوە کە سمکۆ خلقەتی کارناسی ناوکیی و زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری مەهاباد دوای ۹ ساڵ زیندانی لە چاوەڕوانی ئازادیی مەرجدارە.

یەکێک لە نزیکانی ئەم زیندانییە سیاسییە کوردە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: "ئێمە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی یاسای ئازادیی مەرجداری سمکۆ خلقەتین".

هەروەها ڕایگەیاند: "هەتا ئێستا دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران، لەم بارەوە هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە و ئێمە هیوادارین کە یاسای ئازادیی مەرجدار بۆ سمکۆ خلقەتی جێبەجێ بکرێت".

بە وتەی ئەم سەرچاوە ئاگادارە، ئەم کارناسە ناوکییە، لەم ماوەی یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا، بە دانانی بارمتەی ۳۰۰ میلیۆن تمەنی و دوو فیشی مووچە شەش جار مۆڵەتی هاتنە دەرەوەی لە زیندانی وەرگرتووە.

سمکۆ خلقەتی، ۲۸ی بەفرانباری ساڵی ۱۳۸۸، کە لە ڕئاکتۆری ئاوی قورس لە ئەراک خەریکی کار بووە، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر کراوە.

ئەم زیندانییە سیاسییە کوردە، دەرچووی بەشی "متالۆژی" زانکۆی "سەنعەتی شەریفی تاران"ـە، کە لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەراک بە تاوانی "هەوڵدان دژی ئەمنییەتی نیشتمانی لە ڕێگای ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران" بە ۱٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو.

حوکمی زیندانی ئەم زیندانییە کوردە، لە دادگای پێداچوونەوە پەسەند کراوە و لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۹۲ش لە دیوانی باڵای وڵات حوکمەکەی پەسەند کرا.

ئەم کارناسە ناوکییە لە زیندانەکانی ئەراک، ئەوین، ڕەجایی‌شاری کەرەج و تەبەس ماوەی حوکمەکەی خۆی تێپەڕاندووە و لە ئێستادا لە زیندانی ناوەندیی تەبەسدا زیندانییە.

## ئیتلاعات هەڕەشەی لە چالاکانی کوردستان کردووە خۆ لە وتووێژ کردن لەگەڵ ئاژانسی کوردپا ببوێرن

وەزارەتی ئیتلاعات، چالاکانی کوردستانی خستووەتەوە ژێر گوشارەوە و پێی ڕاگەیاندوون لە وتووێژ کردن لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا خۆیان ببوێرن.

لە ماوەی ڕابردوودا، وەزارەتی ئیتلاعات لە کوردستان، چالاکانی مەدەنیی و سیاسی بانگهێشت و هەڕەشەی لێکردوون لە وتووێژ کردن لەگەڵ ئاژانسی کوردپا خۆیان بە دوور بگرن.

چەند چالاکێکی مەدەنیی لە کوردستان وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە بە ئاژانسی کوردپایان ڕاگەیاندووە:"هێزە ئیتلاعاتییەکان هەڕەشەیان کردووە، لە ئەگەری پەیوەندیی گرتن لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بەرانبەر بە خاڵە نووسراوەکان لە یاسای سزای ئیسلامی بە تاوانبار دەناسرێن و لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسووکەوتی یاسایی دەکرێت".

هێزە ئیتلاعاتییەکان پەیوەندیی گرتن لەگەڵ ئاژانسی کوردپا بە هەوڵێکی"دژە ئەمنیەتیی" دەزانن.

هاووڵاتییان و چالاکانی ناوخۆی ئێران لەو باوەڕەدان کە ناوەندە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەیانهەوێ لەو ڕێگایەوە پەیوەندیی چالاکانی ناوخۆی وڵات لەگەڵ ڕاگەیەنەکانی دەرەوەی وڵات بپچڕێنن و پردی پەیوەندیی نێوان ئەوان لەگەڵ کێشە یان تەنانەت پچڕاندن بەرەوڕوو ببێتەوە.

مافناسانیش لە سەر ئەو بڕوایەدان کە وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنەکانی دەرەوەی وڵات ناتوانێت بە تەبانی دژی ئەمنییەتیی وڵات ئەژمار بکرێت، چوونکە بە سەرنجدان بە ماددەی ٦۱۰ی یاسای سزا ئیسلامییەکان، تەبانی بریتییە لەوەیکە ژمارەیەک لە خەڵک لە شوێنێک کۆ ببنەوە و ئەو ژمارە خەڵکەش بیروبۆچوونەکانیان بە شاراوەیی باس بکەن و بە شێوەی نهێنیش بڕیارەکانیان بۆ ئەنجامدانی کارگەلێکی دژە ئەمنییەتی وڵات ئەنجام بدەن. بەو پێیە، وتووێژکردن لەگەڵ ڕاگەیەندنەکان لەو ڕوانگەوە نە بەپێی ناوەڕۆکەوە و نە کۆبوونەوەی کەسەکان لە یەک شوێندا و نە دانانی پیلان و بڕیارێکە بۆ بەڕێوەبردنی کارێک دژی ئەمنییەتیی وڵات.

بەو پێیە لەگەڵ هیچ مەنتقێکی حقووقی و عەقڵی ناگونجێت کە وتووێژ لەگەڵ میدیاکان کە ناوەڕۆکەکەشی لە ڕێگای ڕاگەیەنەکانەوە بە دەستی خەڵک دەگات، بە کۆبوونەوە و تەبانی بە دژی ئەمنیەتی وڵات بە ئەژمار بێت.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە ڕێکەوتی ۱ی گەلاوێژی ساڵی ۹۰ی هەتاوی دەستی بە چالاکی کردووە و ئامانج لە وەگەڕخستنی "کوردپا، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان "پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەواڵدەرییە وردەیە لە کوردستان. هەروەها سەرانسەری و گشتگیر کردنی ڕووداوەکانی کوردستان و گواستنەوەی ڕاست و وردی ئەو ڕووداوانە بۆ ماڵپەڕ و ڕاگەیەنە هەواڵییەکانی دیکە لە گرینگترین ستراتیژییەکانی ئەم ئاژانسە دێنە ئەژمار.

کوردپا، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان، بە ڕەچاوکردنی تەواوی پرەنسیپ و بنەما ئەخلاقی و مرۆییەکان بە مەبەستی دۆزینەوە و شەفافسازی ڕاستییەکان چالاکی دەکات.